# ڕۆڵی گۆڤاری هیوا
# لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا

نووسەری کورد

**د.هیمدادی حوسێن**

**مامۆستای بەشی کوردی – کۆلیژی پەروەردە**

**زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر**

2003

* رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوریدا.

* هیمدادی حوسێن

* چاپی یەکەم، 2003

* پیت چنین و نەخشەسازی: زادە بۆ کاروباری کۆمپیوتەر.

* چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

* (1000 ) دانەی لێ چاپ کراوە.

# پێشکەش کردن

- ئەو رووناکبیرانەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی رۆشنبیریی کوردی تەرخان کردو، نەوەی نویَ، کەئومێدی ئایندەن.
- دامەزرێنەرانی یانەی سەرکەوتن و نووسەرانی گۆڤاری (هیوا)، بەتایبەتی مەعروف جیاووك و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی بەگ.
- گیانی بەهەشتی باوکم، کەلەکاتی تەواو بوونی ئەم نامەیەدا ماڵئاوایی لێ کردین.
- (ژیار)و (ژینۆ)، کە ئومێدمانە نموونەی مرۆڤی ژیاریی کورد بن.
- بۆ ئەو (بەیان)ەی دیم لە (بەیان)دا...

**هیمداد**

## نیشانە کورتکراوەکان

ب: بەرگ

ج: جزو

چ: چاپ

ز: زایینی

ژ: ژمارە

س: ساڵ

ص: صفحە

گ: گبعە

ك: كۆچی

گ: گۆڤار

=تەواو کەریپەراوێزی  لاپەڕەی پێشوو.

ناوەرۆك


| بـــابــــــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 9 |
| دەروازە | 15 |
| – چی دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوە | 17 |
| – یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری (هیوا) | 23 |
| بەشی یەکەم: ئاوڕدانەوەیـەکی مێـژوویی لـەباروذۆخی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو ئـابووریو رۆشنبیریی عیراق لە دوای جـەنگی جیهـانی دووەمـەو 1946 تـا داخسـتنی گۆڤاری (هیوا).. 1963 | 35 |
| بەشی دووەم: | 71 |
| – ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە شیعری کوردی | 73 |
| – تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا | 82 |
| گۆڤاری هیواو شیعری کوردی | 85 |
| ا – شیعرەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست وناوەرۆك | 87 |
| – شیعری سیاسی و نیشتمانی | 87 |
| – شیعری غەزەل و دڵداری | 89 |
| – شیعری کۆمەڵایەتی | 91 |
| – شیعری وەسف و ستایش | 93 |
| – شیعری گاڵتەو گەپ | 96 |
| – شیعری شیوەن | 97 |
| | 99 |
| | 102 |
| | 102 |
| | 105 |

– شیعری بۆنەو موناسەبات 108

ب – شیعرەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی ڕێبازە ئەدەبیەکان 115

– ڕێبازی کلاسیزم

– ڕێبازی ڕۆمانسیزم

– ڕێبازی ریالیزم

بەشی سێیەم:

گۆڤاری (هیوا) و پەخشانی کوردی

– ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەپەخشانی کوردی

– هونەرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی

یەکەم: وتار

– وتارەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست و ناوەڕۆك

– وتاری ئەدەبی و هونەری

– وتاری زانستی

– وتاری کۆمەڵایەتی

– وتاری سیاسی

– وتاری مێژوویی

– وتاری زمانەوانی

دووەم: ژیاننامە

سێیەم: چیرۆکی کوردی

– ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری هیوا

– زمان و تەکنیکی هونەری لەچیرۆکەکاندا

بەشی چوارەم:

گۆڤاری هیواو هەندێ هونەری ئەدەبی دی

117
123
125
131
131
134
136
139
142
145
151
160
160
173
183

185
201
215
225
229
239
241
247

– ڕەخنەی ئەدەبی
– ئەدەبی فۆلکلۆری
– وەرگێڕانی ئەدەبی
ئەنجامە گشتی‌یەکان
سەرچاوەکان
پاشکۆ
– نامەی مامۆستا کامل ژیر
– نامەی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ
– نامەی مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق 251
– نامەی مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار 253
– وێنەی بەرگی ژمارە (1)ی گۆڤاری (هیوا) 259
– وێنەی بەرگی ژمارە (34)ی گۆڤاری (هیوا ) 260
– وێنەی چەند ڕۆشنبیرێك لەبەردەم یانەی سەرکەوتن. 261
– وێنەی دیمەنێکی هەڵبژاردنی یانەی سەرکەوتن – 1959 . 261
– نووسەر لەچەند دێڕێکدا 263
– زاراوەکان 264
– لیستی ژمارەی لاپەڕەو ژمارەی ئەو بابەتە ئەدەبیانەی لە گۆڤارەکەدا بلاّوکراوەتەوە 265
– خلاصە البحپ 267
– چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری 271

# پێشەکی

نووسەری کورد

رۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، گۆڤاری (هیوا) لە کۆتایی رژێمی پاشایەتیو سەرەتای سالآنی شۆڕشی 14ی تەمووزدا، وەکو درێژە پێدەری گۆڤاری (گەلاوێژ) بەتەنیا لە گۆڕەپانی ئەدەبی دا رۆڵی دیارو بەرچاوی لە گەشەپێدانی هونەرە ئەدەبیەکاندا بینیوەو لاپەڕەکانی تۆمارێکی پڕشنگداری چەندین بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزی نووسەرانی ئەو سەردەمەن و یارمەتی زۆر نووسەری لاوی دا بۆبلآوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، ئەمە بێجگە لەوەی نووسەرە دیارەکانی سەردەمەکەی لەرێی ئەو گۆڤارەوە شاکارەکانی یەکتریان هەڵدەسانگاندو لەپێناو کاملّ بوون و گەشە کردنی ئەدەبی نەتەوەییماندا سەرنج و راو بۆچوونی هەمەچەشنەیان دەخستەڕوو، بۆیە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەبێ رۆڵی ئەدەبی گۆڤاری (هیوا) مێژوویەکی ناکاملّ دەبێت و هەر ئەمەش بوو وای لەئێمە کرد، کە ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەیە لەسەر رۆڵی ئەو گۆڤارە بنووسین لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چونکە تاوەکو ئێستاش نە وەکو کتێب و وتاری زانستی، بەڵکو زۆر بەدەگمەن نەبێ و لەچەند ئاماژەیەکی لاوەکی بەولاوە زیاتر ئاماژەی بۆ نەکراوەو مافی خۆی نەدراوەتێ. ئەمەش هەر تەنها پەیوەندی نیە بە گۆڤاری (هیوا)وە، بەڵکو رۆژنامەو گۆڤارەکانی تریشمان کە لێکۆڵینەوەی زانستیانەیان دەربارە کرابێ لەپەنجەی دەستێك تێ ناپەڕێ.

بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سەرەتا ئەو وتارو ئاماژە پەرت و بلآوانەمان بەسەر کردەوە، کە لەملاو لەو لا لەبارەی گۆڤاری (هیوا) وە لەلایەن نووسەرانی کوردو غەیری کوردەوە نووسراون، بەلآم لەبەر نەبوونی بیبلۆگرافیاو کەمی سەرچاوەی

پێویست و هەژاریی کتێبخانەی کوردیی و دەسکەوتنی ئەو سەرچاوانە شتێکی ئاسان نییە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە گیروگرفتێکی بەردەوام لەبەردەم لێکۆڵینەوەی زانستیدا.

گیروگرفتێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوەبوو، لەبەر زۆریی بابەتە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤاری (هیوا)و هەمە جۆری بابەتە ئەدەبیەکاندا بەناچاریەوە لەنموونە هێنانەوەو باس کردن و شی کردنەوەدا شێوەی بیبلۆگرافیایمان لەبەر دەگرت و لەهەر بابەتێکدا تەنیا سێ چوار نموونەمان وەردەگرت، ئەم کارەیەش لەپێناوی هەمە چەشنەییو هەمەلایەنی بابەتە ئەدەبیەکانی ناو گۆڤارەکەوە بوو، بەو ئومێدەی زۆربەی هونەرەکانی ئەدەب بەخۆوە بگرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لەپێشەکییەك و دەروازەیەك و چوار بەش و ئەنجامە گشتیەکان و پاشکۆکان، کەئەوانیش بریتین لەنامەی چەند نووسەرێکی گۆڤاری (هیوا)و چەند وێنەیەك کە لەخزمەتی ناوەرۆکی نامە کە دان.

لەدەروازەدا دروست بوونی یانەی سەرکەوتن و ئامانجی یانەکەو چالاکی و پێوەندی بەنووسەرانەوەو بڕیاری بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (هیوا) باسکراوە، ئەمەش لەو روانگەیەوەیە، کەیانەی سەرکەوتن خاوەنی ئیمیتیازی گۆڤارەکە بوو.

لەبەشی یەکەمدا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریو رۆشنبیریی عیراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تا داخرانی گۆڤاری هیوا باسکراوە، ئەم باسکردنەش لەوەوە دێت ، کە ئەدیب وەکو تاکێکی کۆمەڵ کەوتۆتە ژێر کارتێکەری ئەو بارودۆخەو ئەدەبیش رەنگدانەوەی واقیعە.


نووسەری کورد

لەبەشی دووەمدا، رۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی یەکێ لەهونەرە سەرەکی‌یەکانی ئەدەب دا باسکراوە، کەئەویش شیعرە. دوای ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی و تازە کردنەوە لەشیعری کوردیدا، شیعرەکانی ناو گۆڤارەکە بەپێی ناوەرۆك و بەپێی ڕێبازە ئەدەبیەکان دابەش کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە.

لەبەشی سێیەمدا، دوای ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە پەخشانی کوردی، هونەرە سەرەکی‌یەکانی پەخشانی کوردی (وتارو ژیاننامەو چیرۆك) باسکراون و وتارەکان بەپێی ناوەرۆك دابەشکراون وناوەرۆك و زمان و تەکنیکی چیرۆکەکان شی کراوەتەوە.

بەشی چوارەم، تەرخان کراوە بۆ رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هەندێ بابەتی ئەدەبی لەوانە (رەخنەی ئەدەبی‌و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی‌و وەرگێڕانی ئەدەبی) و تیشکی لێکۆڵینەوەمان خستوونەتە سەر. لەکۆتاییشدا ئەنجامە گشتی‌یەکانمان بەچەند خاڵێك دەست نیشان کردووەو سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بەپێی ئەلف و بێی ناوی نووسەرەکان ریز کردووە. پاشان پاشکۆکان، کە بریتین لەنامەی چەند نووسەرێکی گۆڤاری (هیوا)و چەندوێنەیەکی مێژوویی، بەو ئومێدەی زیاتر ناوەرۆکی نامەکە روون بکەنەوەو لەخزمەتی مەبەست دابن.

ئەم لێکۆڵینەوە زانستی‌یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پەیوەندی تووندو تۆڵی رۆژنامە نووسی و ئەدەبی کوردی‌و رۆڵی گۆڤاری هیوا لەمەیدانی ئەدەبی کوردیدا، دڵنیاین، گۆڤاری (هیوا) لەمە زیاتر هەڵدەگرێت و ئەم هەوڵەش، کەیەکەم جارە بەشێوەیەکی زانستی لەمەڕ ئەو گۆڤارە ئەدەبی‌و زانستی‌یە دەنووسرێت، هەڵبەت بێ کەم و کورتی نی‌یە.




(4) The Kurds in Iraq

# دەروازە

ــ چى دەربارەى گۆڤارى هيوا نووسراوە

ــ يانەى سەركەوتن و گۆڤارى هيوا

## چی دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوە

لێكۆڵینەوە لەئەدەبی كوردیو هونەرەكانی ئەدەب و رەوتی مێژوویی رۆژنامە نووسی كوردیی بێ توێژینەوەو وردبوونەوە لە بابەتە بلاۆكراوەكانی ناو گۆڤاری (هیوا) كارێكی بێ كەڵك و كەم و كووڕی دەردەچێت. دوای داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەساڵی 1949دا، روناكبیرانی كورد لەدەوری یانەی سەركەوتن و گۆڤاری (هیوا)دا كۆبوونەوە، بۆ ئەوەی گۆڤاری (هیوا) جێگەی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەخزمەت كردنی بزاڤی رۆشنبیریی كوردیدا بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە گۆڤارەكە پەیوەندی رۆشنبیریی لەگەڵ پارچەكانی تری كوردستان و ولاّتانی دەرەوەدا پتەو كردو نووسەران لەولاّتانی ترەوە نووسینەكانیان بۆ گۆڤاری (هیوا) رەوانە دەكرد ([1]) و تاقە گۆڤاری رۆشنبیری بوو، كەبەزمانی كوردی لەبەغدا بلاّو دەكرایەوە لە 1957 – 1958دا.

تاوەكو ئێستا دەربارەی گۆڤاری (هیوا)، لێكۆڵینەوەیەكی زانستیو ئەكادیمی یان كتێب و نامیلكە نەنووسراوە، بەپچڕ پچڕو لەملاو لەولا ئیشارەتی پێ دراوە،

[1] - ضةند نووسةريَكي كورد لة كوردستانى ئيَران نامةيةكيان بؤ طؤظاري (هيوا) رةوانة كردووة، برِوانة: نامةيةك لةكوردستانى ئيَرانةوة ذ(7،6)، س2، لا37. هةروةها: بؤ دةستةى نووسةراني طؤظاري (هيوا) ذ(12،11)، س2، لا104 -106. نووسةراني تر لةسووريا وةكو قةدري جان بةشداري (هيوا)ي كردووة، برِوانة ذ4، س2، لا76. لةيةكيَتى سؤظيةتى ثيَشوو نووسةران كوردؤييَظ و كةريمي ئةيوبىو جاسمي جةليلي بةشدارييان كردووة، برِوانة ذ (12،11)، س2، لا39-53. هةروةها ذ32، س4، لا5-12.هةر لةو سالأنةدا نووسةراني كوردي عيَراق لة لينينطراد و باكؤو شارةكانى دي سؤظيةت بةشداري نووسيني طؤظارةكةيان كردووةو مارف خةزنةدار ثةيامنيَري طؤظارةكة بووة لةليننطراد. لةولأتاني ترةوة وةكو ئةلَمانياو سويسراو ئةمريكاو ضةند ولأتيَكي تريش نووسيني بؤ هاتووة، برِوانة ذ1، س3، لا71 هةروةها ذ33، س5، لا39.

واهەندێك لەو رایانە دەخەینە روو، کەدەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوەو لەئاست هەندێکیان دا هەڵوەستەیەك دەکەین:

مامۆستا عبدالله میدیا دەڵێ: (وا ئێستا لەجێی گەلاوێژ وە لەئاسۆی هیواوە (هیوا) لەدەم کەل دەرکەوت و هەڵ هات هیوامان وایە ئەو پەیامەی، کە (گەلاوێژ) هەڵی گرتبوو وە پەیمانی دابوو، کە بیگەیەنێت بەئامانج و فریا نەکەوت ئەمجا (هیوا) هەڵی دەگرێت و دڵسۆزانە بی بات بەڕێوە).[1]

مامۆستا بەشیر موشیر دەڵێ:(لەکاتێکدا زانیم ئیمتیازی گۆڤاری (هیوا) دراوە بەیانەی سەرکەوتن، دڵم گەش، چاوم روون بووەوە، هەستم بەوەکرد، کەهێزی قەڵەمی نووسەرانمان دەکەوێتەوە کارو بەزمانە شیرینەکەی خۆمان ئەنووسین و ئەخوێنینەوە. بەم هۆیەوە زۆر سوپاسی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن ئەکەم، کەتوانیان ئەم خزمەتە گەورەیە بکەن.)[2]

(ا.ب.هەوری) بەشیعر دەربارەی گۆڤاری (هیوا) دەڵێ:

هیوا، چووزەرەی بنکی گەلاوێژ
بەبیری وردی پوختی والا بێـــژ
بێرە کایەوە ساوای تـــازە بوو
کاتی فرمانە تۆش ئازانە زوو
دەستی خزمەتت پیرۆز، وەك ناوت

---

[1] - مامؤستا -ع - ئةستيَريةكى نويَ لة ئاسؤي ئاسماني ويَذةى كوردا،ط. هيوا(ذ1،س1،) تةمووزى 1957 زؤربةى نووسةراني دي طؤظاري هيوا بةتةواوكةري دةستةخوشكي طؤظاري (طةلاويَذ)ى ناو دةبةن، ضونكة دوابةدواى ئةو دةرضوو، ئةوة بيَجطة لةوةى زؤر طؤشة هةبوون لة (طةلاويَذ) لة (هيوا)يشدا بةردةوام بوو، وةكو طؤشةى (ضيرؤكي ذمارة) و (كورد لاى بيَطانة) و (ناريَكي كؤمةلاَيةتيمان) و (قسةى نةستةق). سةرةراي ئةوةى زؤربةى نووسةراني طؤظاري (طةلاويَذ) ثاشان لة طؤظاري (هيوا) دا لةسةر نووسين بةردةوام بوون.

[2] - ط. هيوا، ذ1،س1،لا71.

تـــا ببيته فــــەڕو بــــرەو بێ نـــاوت[1]

(بێ خەو) هەر بەشیعر هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ئەی گزنگی وێژەی ژیــــــان

زەنگ و چرای کاروانی گەل

هیوای دڵ و دەروون پاکـــان

زرنگ کەرۆی لاوی تەمــەل[2]

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ:(هیوا گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی هونەرییە لەبەغدا دەردەچێ، تا ئینقلابی 8ی شوباتی 1963 بەردەوام بووە، زمانحاڵی یان گۆڤاری یانەی سەرکەوتنی کوردان بووە.بەدیالێکتی کرمانجی خواروو ئەلف و بێی عەرەبی بلاّو دەکرایەوە.

لەسەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکە رەنگدانەوەی بیروڕای رۆشنبیری چینەکانی سەرەوەی کورد بوو، وەکو پەرلەمانتارە کوردەکان لەپەرلەمانی عیراق، هیوا تۆزێك خۆی بەدوور دەگرت لە سیاسەتی رۆژانەی ولاّت، زیاتر بایەخی بەلایەنی ئەدەبی و رۆشنبیری (کلتوری) دەدا. بلاّو کەرەوەکانی زۆر هەوڵیان دەدا گۆواری هیوا وێنەیەکی تری گۆڤاری گەلاوێژی بەناوبانگ بێ. لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا زیاتر بایەخ بەئەدەبی کوردی بدەن.

لەپاش شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 گۆڤارەکە کەوتە دەست رۆشنبیری پێشکەوتنخوازی کورد. لەسەر خەباتی پێکەوەیی کوردو عەرەبی دەکردەوە لەپێناوی پێشکەوتنی دیموکراتی وکۆمەلاّیەتی.

[1] - هةوري، ئاموَذطاري بوَ طوَظاري هيوا،ذ2،س1، لا34.
[2] - بيَ خةو، بوَ هيوا، ط. هيوا، ذ30، س4، لا44.

لەساڵی 1961 دا ڕێڕەوی شۆڕش گۆڕاو کەوتە ڕاونانی هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتی‌یەکان، کارێکی گەورەیان کردە سەر ئەم گۆڤارە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئێجگار هاتە خوارەوەو لەکاتی خۆی دەرنەدەچوو، بەپچڕ پچڕی بڵاو دەکرایەوە)[1]

دکتۆر مارف خەزنەدار لە هەڵسانگاندنەکەیدا باش بۆی چووە، بەڵام نووسینەکانی گۆڤاری (هیوا) تەنها بەدیالێکتی کرمانجی خواروو نەبوو و بەرهەمی کرمانجی سەروویشی تیایە. هەروەها دوا ژمارەی گۆڤارەکە لەحوزەیرانی ساڵی 1962 دەرچووە، بەڵام لەساڵی 1963 دا بڕیاری داخستنی گۆڤارەکەو ڕەت کردنەوەی ئیمتیازی گۆڤارەکە دراوە.

عبدالجبار محمد جباری دەڵێ :( گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتی‌یە، مانگی جارێك لەبەغدا دەردەچوو، خاوەن ئیمتیاز: یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو، وە بەڕێوەبەری لێپرسراوی حافڤ مصگفی قاچی بوو. یەکەم ژمارەی لەمانگی گەلاوێژی 1957 دەرچوو.

گۆڤاری هیوا بەبێ پەك کەوتن لەلایەن دەستەیەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد پەرەوەرەوە یارمەتی ئەدرا هەمیشە بە نووسینەوەی بەکەڵکی مێژوویی و ئەدەبی هتد... کۆمەکییان ئەکرد، وە بەو جۆرە هەتاکو ماوەیەك بەوپەڕی

---

[1] - مارف خةزنةدار، بةكورتى ميَذووى ئةدةبي كوردى تازة، مؤسكؤ،1967، لا74-75. (بةزماني رووسي). ئةم كتيَبَة نامةى دكتؤراي مامؤستا (د.مارف خةزنةدار)ة لةسالَي 1967 ضاثكراوةو لة 1963طفتوطؤي لةسةر كراوة. لةسالَي 1993 تةرجةمةى زماني عةرةبيش كراوة، بروانة: د. معروف خةزنةدار، موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمة عن الروسية، الدكتور عبدالمجيد شيخو، بيروت، 1993. ئةو زانيارييانةى دةربارةى طؤظاري هيوا لةسةرةوة نووسيمان دكتؤر مارف خةزنةدار لةزماني رووسيةوة بؤي تةرجةمة كردين.

تواناوه ئەو شێوینه بەتاڵەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ئاوابووی گرتەوه وەهەمان ڕێبازی گرت لەهەوڵ وتەقەلاّ دانا.)[1]

مامۆستا علاوالدین سجادی، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدانووسیویه:

(هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی مانگانەیی بووه، لەشاری بەغدا لە چاپخانەی (التمدن) دەر کراوه، مودیری لیٚ پرسراوی حافز مستەفا قازی بوو، ماوەیەکیش دوکتور هاشم دۆغرمەچی بووه، یەکەم ژمارەی لەتەمووزی ساڵی 1957 دەرچووه، حەوت ساڵ ژیاوه (36) دانەی لیٚ دەرچووه، لە ... دا داخراوه.)[2]

ژمارەکانی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە لە چاپخانەی (التمدن) چاپکراوه، بەلاّم پاشان لەچەند چاپخانەیەکی دی، لەوانە (النجوم) و (صلاح الدین) و (النجوم) و (شفیق) گۆڤارەکە چاپکراوەو شەش ساڵ ژیاوه.

کاك جەمال خەزنەدار لەڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا وا باسی گۆڤاری هیوا دەکات :(هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی مانگی بووه، لەلایەن یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا دەرچووه، مودیری مسۆول حافڤ مستەفا قازی بووه، ژماره یەکی لەمانگی تەمووزی ساڵی 1957دەرچووه، پێنج ساڵ ژیاوه، دوا ژمارەی (36) بووه ، لەشوباتی ساڵی دەرچووه. ئەوەی پێویسته بووتریٚ ئەوەیه، کەهاشم دۆغرەمەچی و موکەڕەم تاڵەبانی ناوه ناوه بوون بەمودیری مسۆول. وه کەریم زانستیو کامل ژیرو محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووه.)[3]

[1] - عبدالجبار محمد جةباري، ميَذووي رؤذنامةطةري كوردي، 104.
[2] - علاءالدين سجادي، ميَذووى ئةدةبي كوردى،ض2، لا617.
[3] - جةمال خةزنةدار، رابةري رؤذنامةطةريي كوردى، لا63.

كاك جەمال خەزنەدار راستیی نەپێکاوە، کەدوا ژمارەی (36)ە، بەڵکو دوا ژمارەی (38)و لە حوزەیرانی 1962دا دەرچووە. بەرەسمیش موکەڕەم تاڵەبانی نەبۆتە مودیری مسۆول بەڵکو لە ژمارە (8) (س2)ەوە هاشم دۆغرەمەچی تا دوا ژمارەی دەرچوونی مودیری مسۆول بووە.

د. کمال مەزهەر لەبارەی گۆڤارەکەوە نووسیویەتی:

(هیوا)

بەغدا

ژمارە یەکی : تەمووزی 1957.

لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە: گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی‌یە مانگی جارێك دەرئەچێ) خاوەنی ئیمتیتازی یانەی سەرکەوتن و مودیری مەسۆولی تا ژمارە (8) ی ساڵی (2) ی حافڤ مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بوو، زۆربەی ژمارەکانی لە (80) لاپەرە زیاترن، شوباتی 1963داخرا (12×41سم)ە [1]

وادیارە دکتۆر کەمال زانیاری تەواوی دەربارەی گۆڤارەکە نەبووە، قەوارەکەیشی (.20×14سم)ە.

د. جەمشید حەیدەری لە وتارێکیدا نووسیویە: (باری ئەدەب هەر لەنزمی و لاوازیدا دەمێنێتەوە تا ساڵی .... کەیانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا بڕیار دەدات گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی (مانگانە) دەربکات بەناوی (هیوا)و هەروەها لەسەرەتای ساڵی 1958 شێخ عبدالقادر بەرزنجی لەکەرکوك گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی کۆمەڵایەتی دەردەکا بەناوی (شەفەق) ئەو دوو گۆڤارە ڕۆڵێکی

[1] - د. كةمال مةزهةر، تيَطةيشتنى راستي و شويَنى لة رؤذنامة نووسيي كورديدا، لا241-242.

گـــــــەورەو دیاریان بینیووە لەبەرەو پێش بردنی پەخشانی کوردی و بەڵکو دەتوانین بەبەردەوامی (گەلاوێژ) یان دابنێین لەم بوارەدا)[1]

مامۆستا (کامل ژیر)یش بیروڕای وایە، کە(گۆڤاری هیوا قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بوو بۆ ئەو رۆژە، پێنووسی نووسەرە گەورەو نودارو بەبڕشتەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو جگە لەنووسەرو هەستیارە لاوەکان.) هەروەها دەڵێ: (وەك راستیەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین، کە گۆڤاری (هیوا) ئەتوت لە کوردستانێکی ئازادا دەرئەچێ. هیچ رۆژێك لە رۆژان وێنەیەکی مەلیکی تێدا بلأونەکرایەوە.)[2]

مامۆستا (محەمەد نوری توفیق) وەکو نووسەرێکی گۆڤاری هیوا دەڵێ :(دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك دەستم کرد بە نووسین، بەلأم (شیعرنا)، زۆربەی زۆری نەوەکانی سەردەمی خۆم، بەلکو لەپێشدا بەوەرگێڕان، کەوابزانم یەکەم بەرهەمم لەبارەی خەلأتی (نۆبل)ەوە بوو، کە یەکەم بەرهەمم بلأو کرایەوە هێندەی تر هیوام لا خۆشەویستر بوو، ئیتر هیوا بەرەو پێشەوە ئەچوو، خوێنەرەکانی زیادی کرد، و ژمارەکانی زیاتر ئەبۆوە، منیش بەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد، ئەدەبی، سیاسی، زانستی،دواجار لەنگەری چیرۆکم لەسەر لاپەڕەکانی داگرت.)[3]

ئەمە بێجگە لەوەی لەهەندێ کتێب و وتاری رۆژنامەنووسیدا لەپاڵ زۆر رۆژنامەو گۆڤاری دیکەی کوردیدا ئاماژەی بۆ کراوە[4]

---

[1] - جةمشيد حةيدةري، كورتةيةك لةميَذووي ليَكؤليَنةوةى ثةخشان و ضيرؤكي كوردي، ط وان، ذ1، سويد، 1992،لا28.

[2] - نامةى تايبةتى (كامل ذير) بؤ ليَكؤلَةرةوةى ئةم ليَكؤليَنةوةية لة ريَكةوتى1994/9/14 برِوانة ثاشكؤي ئةم نامةية.

[3] - نامةى تايبةتى محمد نوري تؤفيق بؤ ليَكؤلَةرةوةى ئةم ليَكؤليَنةوةية لة ريَكةوتى 1994/9/15

[4] - لة رؤذنامةى (ذين) دا بةبؤنةى دةرضوونى طؤظاري (هيوا)وة نووسراوة: (موذدة بيَ لةم رؤذانةدا طؤظاري (هيوا) دةرضوو، كةلةلايةن يانةى سةركةوتنةوة لةبةغدا سةرثةرشتي ئةكريَ، بيَطومان دةميَكة هةموو لاييَك تينوون بؤ طؤظاريَكي كوردي، وا ئةو ئاواتة هاتة دى،

## یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا

رووناکبیرانی کورد دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە کوردستانی عیراق دا کەوتنە بیری ئەوەی لە رێگەی دامەزراندنی کۆمەڵ و رێکخراوی رۆشنبیرییەوە میللەت رووەو خوێندەواری و زانست ببەن و لەدەردی هەژاریو نەخوێندەواری و بێ ئاگایی رزگاریان بکەن. بەتایبەتی شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لەو سەردەمەداو رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان زیاتر ئەم بیرەی قووڵ کردەوە. (لەپێش هەموو کەسێ جەنابی معرووف جیاووك، کە نارراوی هەولێر بوو ئەم بیرەی (فکرەی) خستە پێشەوە وە لەرۆژی 9 شوباتی 1930 بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی زانستی ئیستدعاییێکی دا هەر چەندەش نارراوەکانی تر لەمۆر کردنی ئەم ئیستدعایە خۆیان کێشایەوە، بەڵام مەرحوم محامی احمد مختار بەگ زەهاوی، کە لەمەدرەسەی حەربیە، بە زابتی دەرچوو بوو و یۆزباشی بوو لەمەدرەسەی حقوقیش شەهادەتنامەی سەندبوو و رەئیس

---

هيوامان واية ئةم تازة خوشكةى (ذين) كةليَنيَكى باش ثرِ بكاتةوة لة ريَي ثيَش خستنى ويَذةو زمانى كوردى) بروانة: رؤذنامةى ذين،ذ 1352، س32 ثيَنج شةممة1957/7/18،لا2.لة ئينسكلؤثيدياي ئيسلامي دا ناوى طؤظاري (هيوا) هاتووةو نووسراوة: حافز مستةفا قازي لةبةغدا (36) ذمارةى رؤذنامةى (هيوا)ي بلاَو كردةوة. بروانة:
The Encyclopaedia of Islam , Vol: V, 1981, P.485.
= هةروةها بروانة: كرد در دائرة المعارف اسلام، ترجمة اسماعيل فتاح قاضي، مركز نشر فرهنط و ادبيات كردي انتشارات صلاح الدين، ضاث اول، ارومية،1367،ص190. بةلاَم هةلَةيةكى تياية، (هيوا) رؤذنامة نىية بةلَكو طؤظارةو حافز مستةفا قازي تا ذمارة 8،س2 موديري مةسؤلي بووة.
لة رؤذنامةى (رووناكى) دا نووسراوة: (هيوا - 1960 طؤظاري يانةى ثيَشكةوتنى كوردي بوو لةبةغدا ضاث ئةكرا)، بروانة: رؤذنامةى رووناكى ،ذ290 هةيني، 23 تشريني يةكةمى 1969، لا44 سالَي ضاثةكةى و دةرضووني هةلَةية لة (1957 - 1962) دةرضووة.

**يوزباشى محمد على بەگ عەبدولعەزیز، محامى عارف بەگ پشدەرى، ئیستدعاکەیان بەشەوق و هەوەسەوە مۆر کرد، وە تەقدیمى وەزارەتى داخلیە کرا، لەپاش کەشمەکەش و ماندوویەتیەکى زۆر بە ژمارەى 6895وە مێژووى 19–20مایسى مأژونیەتى کرانەوەى یانەى سەرکەوتن بەجەنابى مەعروف جیاووک درا، وە هەر زوو لە رۆژى 30ى مایسى 1930 لەسینەماى رۆیال بەحەفلەیەکى زۆر موحتەشیم یانەى سەرکەوتن کرایەوە.**[1]

**لەیەکەم هەڵبژاردنى یانەى سەرکەوتنى کوردان دا ئیبراهیم ئەفەندى حەیدەرى بەسەرۆك هەڵبژێردراو محەمەدەمین زەکى بەگ و مەحموود جەودەت و جەنابى ئەحمەد ئاغا کەرکوکلى زادەو جەنابى عەبدوڵلا لوتفى بەگ حاجى عەلى ئاغاو جەنابى میرزا فەرەج شەریف و شێخ عەلى قەرەداغى و خەلەف شەوقى داودىو بەشیر مشیرى بەرگدروو بەهەیئەتى ناوچەى کۆمەڵە هەڵبژێردران.**[2]

---

[1] - هةر لةو ئاهةنطةدا، جةميل صدقي زةهاوى و ذمارةيةكى زؤر لةسةرؤك هؤزو دةولَةمةندو قوتابيان هاتبوون و بةريَزان مةعروف جياوك و ئةمين زةكى بةط وتاريان خويَندةوة. دوو سالَ بةم شيَوةية لةمالَي مةعروف جياوك يانةكة بةردةوام بوو. ثاش مردنى ئيبراهيم حةيدةرى، ئةمين زةكى بوو بةسةرؤكي يانةو مةعروف جياوك موعتةميدي يانة بوو. بةهؤي كةم دةرامةتىو نةبوونىيةوة. مةعروف جياوك لةسالَي دووةمى يانةكة بةنائوميَدىيةوة دةلَيَ: بةراستي شاياني دلَ ئيَشةية- جيَي شةرمةزارىية، كة ئيَمة (كوردةواري) يانةيةكى وا بضوكمان ثيَ بةريَوة نةبريَ. كةضي لةناو طةلانى تردا بةدةيان كؤمةلَ و يانة بةريَوة دةبريَن! بؤ زانياري زياتر بروانة: باربو، يادطاري يانةى سةركةوتن (نادى الارتقاء) ذمارة(1) ثةيامي تبرعات، لةلايةنى هيئةتى ناوضةى يانةى سةركةوتن لةضاث دراوة، ضاثخانةى نجاح، بةغدا 1943-1944،لا26-37. هةروةها: شاكر فتاح، خةباتي رؤشنبيران، ضاثخانةى الحوادث، بةغدا1984،لا41. مستةفا نةريمان، يانةى سةركةوتنى كوردان، ط رؤشنبيري نويَ134، 1994، لا68-77.

[2] - باربو، ... لةيةكةم هةلَبذاردن دا ذمارةى دةنطةكان بةم شيَوةية بوو:

| ناوةكان | ذمارةى دةنطةكان |
| --- | --- |
| 1- ابراهيم افندى حةيدةرى | 52 دةنط |
| - امين زةكى بةط | 107دةنط |
| - مةعروف افندى جياووك | 160دةنط |
| محمود جودت بةط | 102دةنط |
| - عبداللة لوتفي | 87دةنط |

یانەی سەرکەوتنی کوردان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بەهەڵبژاردن بوو، ((چونکە بەپێی پێڕەوی یانەکە هەر نۆ مانگە جارێك ئەندامانی تازە بۆ یانەکە هەڵدەبژێرێتەوە.))[1]

نابیّ ئەوەشمان لەبیر بچێت، دامەزراندنی چەند یانەیەکی تری عەرەبەکان لەو کاتەو لەبەغدا کاریگەری خۆی لەسەر دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کورداندا هەبوو.[2]

## ئامانجی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین ئامانجەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەم چوار خاڵەدا کۆبکەینەوە:

1 – ئەو قوتابیانەی، کە بۆ تەواو کردنی خوێندنیان بۆ بەغدا دێن لەناو یانە جێگا یان بۆ تەرخان بکریّ و پیشتگیریان بکرێت.

---

= خلف شوقي افندى — 94 دةنط
محمد عارف افندى، زابتي تؤثضي — 86 دةنط
احمد اغاى كركوكلي — 63دةنط
محامى عارف افندى ثشدةرى — 58دةنط
برِوانة: غةفوور ميرزا كةريم، يادطاري لاوان و دياري لاوان، بةغدا،1978، لا19.

[1] - شاكر فتاح، خةباتي رؤشنبيران، لا38.

[2] - هادى رةشيد ضاوشلي دةلَيَ: ئةو كاتة هةست بةجموجؤلَيَكي كوردانة كراو قوتابياني كورد لةدةوري يةك كؤبوونةوة، بةتايبةتي ثاش ئةوةى كةهةنديَ براي عةرةب (يانةى المثنى) يان دامةزراند. لةو بةريَزانةى لةدامةزراندنى يانةى سةركةوتن دا دةستي دياريان هةبوو بريتي بوون لة : ئةمين زةكى بةط -ي ميَذوو نووس و مةعروف جياووك، برِوانة: ذيان و بةرخودان هادى رةشيد ضاوشلي، رؤذنامةى برايةتىذ2051، 1994/9/26،لا2هةروةها بؤ يانة عةرةبيةكانى ئةو سةردةمةى بةغدا برِوانة: الدكتور عماد احمد الجواهري، نادي المثنى وواجهات التجمع القومي في العراق1934-1942، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، 1984.

2– بەپێی توانا لەناو یانەکە دا چەند ژوورێك بۆ ئەشراف و سەرانی کورد تەرخان بکرێ لەکاتی سەردانیان بۆ بەغدا تیایدا بحەسێنەوە.

3– کۆمەڵ چەند لیژنەیەك پێك دەهێنێ، بەپێی شارەزایی و پسپۆڕیان کتێب دادەنێن و وەردەگێڕن و (قاموس و دەستووری زمانی کوردی) دەنووسن، چونکە لەپێش هەموو شتێکا یەکبوونی زمانەکەمان پێویستە کەهەموو بتوانن لەیەکتری تێ بگەن.

4– مانگی جارێك، هەروەکو دائیرەی عیلاقاتی گشتی ئاهەنگی یەکتری ناسین و خۆش ویستن ئەکا، بەم جۆرە خەڵکی رۆژئاواو ئەوروپاو ئەمریکا ئەماننناسن و تێمان ئەگەن، کەئێمەیش وەکو ئەوان ئینسانین و حەقی ژیانمان هەیە و دەبێ هەروەکو خەڵکی تر ئیستیفادە لەیەکتری بکەین.[1]

لەگەڵ ئەم ئامانجانەدا، هەروەکو لە کورتەی پێڕەوی ناوخۆی یانەکەدا هاتووە، (کۆمەڵ لەگەڵ سیاسەتا خەریك نابێ. یارمەتی دانی هەژارو هەتیوو نەخۆشەکـــــــان

دەدات و بەخێو کردنی لاوانە بە چەشنێکی عیلمی و پەروەردەیی‌و رەوشتی بەرزەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەهەمو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لق دەکاتەوە.[2]

---

[1] - باربو لا37-39.

[2] - بۆ زياتر زانياري سەبارەت بەثيَرەوى ناوخۆي يانە بروانە: باربۆ، لا39. مەسەلەي كردنەوەى لقي يانە لەشارەكانى دى جىَ بەجيَ نەكرا، ضونكە يانە بەريَطەى باربو بەريَوە دەضوو، تواناي ماددى نەبوو بتوانيَ خانوويەك بۆ خۆي بەكريَ بطريَ و بيَ جيَطەو ريَطەيي واى كرد دوو سالأن مالَةكەى مەعروف جياوك بارەطاى يانە بيَت و ناوبراو زۆر ناوضەى كوردستان بطەريَت بۆ ئەوەى ثيتاك بۆ كريَي خانوو كۆبكاتەوە، حكومەت يارمەتى يانەكەى نەدەدا، لەطەشتەكانى مەعروف جياووك دا ضەندين هەلَويَستى جوانى خەلَكي كوردستان ثيشان دەدات لەيارمەتيدانى يانەى سەركەوتن بەثارەوثول، دلَيَ لەسەفەري خانەقين دا شاطرد كەبابضيەكى هەرزەكار بەدينارێكەوە هاتە ثيَشەوەو بەدەنطيَكي خۆش و بەرز طوتي: سەروەت

## چالاکیەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین چالاکی‌یەکانی یانەی سەرکەوتن بکەین بەدووبەشەوە:

1- چالاکی کۆمەلأیەتی.

2- چالاکی رۆشنبیری.

چالاکی‌یە کۆمەلأیەتی‌یەکانیش، زۆر لایەنی گرتۆتەوە. لێرەدا هەولٚ دەدەین ئاماژە بۆ هەندێك لەو چالاکی یانە بکەین. ئەندامانی یانە بەشداری پرسەی پیاوە ناسراوەکانیان کردووەوە بەپێی توانا یارمەتی ماددیشیان داون [1] هەروەها لەبۆنە تایبەتی‌یەکان دا ئاهەنگی گێڕاوەو خێزانانی کورد بەشداری یەکترناسین و خۆشەویستی و پەیوەندی کردنیان بەیەکەوە کردوە، ئەمەش رێگە خۆشکەرێك بووە بۆ ئەوەی ئەو خێزانە کوردانەی، کە لەبەغدا نیشتەجێن ئاگاداری هەواڵی یەکتر بن و هەستی کوردایەتیان تیا نەفەوتی[2].

و سامانم هةر ئةمةية وا بةيانةى ئةبةخشم. مالَ ضىية، طيانم بؤ يانةى كوردان ئةبةخشم. وة بةضةثلَة ريَزانيكَي زؤر طةرم، ليَي وةرطيرا، برِوانة: باربو، لا41.

[1] - لة رؤذنامةى (ذين) دا هاتووة: (يانةى سةركةوتن بةشداري (ثرسة) دةكات ئةندامانى بةريَوةبةري يانةى سةركةوتن لةبةغدا كةبةتةواوةتى ثيَويستي نيشتمانى خؤيان بةجيَ هيَنا..) برِوانة، رؤذنامةى ذين،127، س30 ثيَنج شةممة، 1955/11/17.

[2] - باربو لا38. هةروةها ط هيوا، ذ10، نيسانى 1958، لا12-17. مستةفا نةريمان دةلَيَت: (رؤذي 29ي كانونى دووةمى 1944 ئاهةنطيَكي طةورة بؤ يةكتر ناسين ساز كراو ئةنواعى ميوةو ناني تيرىو ثةنيرو ذاذىو هةنطوينى سثي تةقديم كراو ثياواني بيانييش بانط كران، باوةرِ ثيَكراوي يانة دوانيكَي طرنطى دا يةك راست (طاهر اسكوت) ئةيكردة ئينطليزي.

= لةثاش مانطيَك رؤذي 26ي شوباتي 1944 مةلا مستةفاي بارزان دةعوةت كراو هةنديَ لةثياوة ناودارةكان و بيَطانةكان بانط كران لةويَش باوةرِ ثيَكراو وتاري داو قسةكانى يةك راست كرانة ئينطليزي.) برِوانة: مستةفا نةريمان، يانةى سةركةوتنى كوردان، ط رؤشنبيري نويَ، ذ134، 1994، لا74.

بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) مەولوودی نەبەوی لەیانە دەخوێندرایەوەو پیاوە ناسراوەكان بەشدارییان تێدا دەكردو چەندین وتاری ئایینی و ئامۆژگاری كۆمەڵایەتی تیا پێشكەش دەكرا[1]

یانە بەبەردەوامی لەگەڵ كەم دەرامەتی خۆی دا یارمەتی هەژارو دەست كورتەكانی دەدا، بەتایبەتی یارمەتی ئەو قوتابیە دەست كورتانەی، كەهەژارن بۆ ئەوەی لەخوێندن بەردەوام بن و ئاڵای رۆشنبیری بەرز بێتەوە[2]

یانە بەهەستێكی بەرزی كوردانەوە، هەموو ساڵێك لەجەژنی نەورۆزدا ئاهەنگی گێڕاوە، بەتایبەتی دوای روخانی رژێمی پاشایەتی لەعیراق دا، بەشێوەیەك، كە نـــەورۆزی كـــردبـــووە رۆژێـــكی ئەوتـــۆ، لێ پـــرســـراوان و دەستەڵاتدرانی تیا ئاگادار دەكردەوەو لەشەرعیەتی میللەتی كوردو داوا رەواكانی.[3]

---

[1] - لة رؤذي 24ي مارتى 1944 لةيانةى سةركةوتن بةبؤنةى لةدايك بوونى ثيَغةمبةر محةمةد (د.خ) مةولوديَكي كوردي خويَنرايةوةو ثاشان مةلا ئةحمةد باوةر ثيَكراوي يانة وتاريَكي خويَندةوةو دوا جار ضاي و شيرو كيَك و شيريني دابةش كرا، برِوانة: باربو، لا86.

[2] - لةورؤذنامةى (ذين) دا هاتووة:
= 10000( دينار بؤ يانةى سةركةوتن) وةزيري داخلية ئيزني بةيانةى سةركةوتندا كة باربؤيةك بكات بؤ كؤكردنةوةى (10000)دينار لةهةموو عيراقدا بةئاطاداري ئةم ليجنةيةي خوارةوة بؤ يارمةتيى ئةو قوتابيانةى كةدةست كورتن وةناتوانن خويَندن تةواو بكةن بةشةرتيَك كةلةماوةى ساليَكدا بكريَت: ليذنةكة: 1- محمود بابان 2- عبدالقادر حشمت 3- دوكتؤر نوري فتوحى 4-رةشيد عارف 5- محمد بريفكاني ) برِوانة رؤذنامةى ذين،ذ1271،س30 ثيَنج شةممة 1955/11/3.
هةروةها يانةى سةركةوتن هةوليَكي جواميَرانةى دا بؤ يارمةتى ئةوانةى لة لافاوةكةى سليَمانى زيانىيان ليَ كةوتبوو، بةوةى كةلةبةغدا و شارةكانى ترا لة كةركوك و كفري كؤمةلَةى كؤكردنةوةوى ثيتاكيان داناو بيَ وضان تيَ كؤشان بؤ يارمةتى ليَ قةوماوان، برِوانة. ط هيوا، ذ5، س1 ،لا3-5.

[3] - لةسالآني ثيَش شؤرِشى تةمووز، قوتابياني كورد بةدزىيةوة بةسةرثةرشتي يانة نةورؤزيان دةكرد، كاك مستةفا سليَمان، كةئةندازياريَكي خانة نشينة، لةضاوثيَكةوتنيَكماندا لةسليَمانى1994/9/13 وتى :(لةسالَي 1956 بةدزىيةوة قوتابىية كوردةكان لةثشت وةزارةتى بةرطرى نةورؤزمان كرد) بةلاَم لة 1957 دا بةهؤي بارو زرووفةوة نةورؤز نةكرا. دواى شؤرِش لةسالَي 1959دا ئاهةنطى نةورؤز بةئاشكرا لةبةغدا لةهؤلَي طةل ساز كراو زةعيم و

بێجگە لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانە، یانەی سەرکەوتنی کوردان، چەندین چالاکی رۆشنبیریی نواندووە. یانە هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە، بەگەرمییەوە بەردەوام بوو لەسەر کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ فێر بوونی زمانی کوردی، کەتیایدا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یانە، لەسەرووی هەموویانەوە مامۆستا تۆفیق وەهبی، بەبەردەوامی دەرزی کوردی وتۆتەوەو تیایدا بنەچەی زمانی کوردیو شێوازەکانی زمانی کوردیو رێنووسی کوردی بەپیتی لاتینی و عەرەبی بۆ ئارەزووداران و قوتابیان وتۆتەوە، ئەمەش هۆیەك بووە بۆ ئەوەی برا کوردەکان لەناوچە جیاجیاکان دافێری دیالێکتەکانی یەکدی بن[1].

چالاکییەکی تری یانەی سەرکەوتن ئەوەبوو، کەداوای لەنووسەران کردووە نوسراوو کتێبەکانیان بۆ یانە رەوانە بکەن تاوەکو بۆیان چاپ و بڵاوبکاتەوەو. لە1943–1944 دا یانەی لەسەر ئەرکی خۆی کتێبی (باربو)ی چاپ کردو پاشان (مێژوو)ی بۆ ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسی کورد چاپ کرد. ئەمە بێجگە لەوەی سەرپەرشتی چاپ کردنی ژمارەیەك کتێب و نامیلکەی کوردییشی کردووە. دیارترین چالاکی رۆشنبیری یانەی سەرکەوتن دەرکردنی گۆڤاری (هیوا) بوو، وەکو گۆڤارێکی ئەدەبیو زانستی مانگانە لەسالّی1957دا. ئەم گۆڤارە دەورێکی

---

دةستةلاَت داران و خةلَكيَكى زؤر ئامادةبوون و ضةندين وتاري سياسي تيا خويَندرايةوة. بروانة: كةمال مةزهةر، ئاهةنطى نةورؤزي سالَي 1959لةبةغدا، ط هيوا، ذ8، س2، لا68.

[1] - تا سالاَني 1955-1956 تؤفيق وةهبي لةيانةى سةركةوتن دةرزي كوردي وتؤتةوة، هةر لة سالَي (1931)ةوة جةنابي لةليذنةى بةريَوةبةرايةتى يانةدا بووة لةطةلَ جةمال بابان و ميرزا فةرةج و شيَخ عةلي = قةردةخاي و سةبري عةلي، بروانة ط هيوا،ذ7، س1 لا87. هةروةها شاكر فتاح، خةباتي رؤشنبيران،لا39. لةم خولانةى زمانى كورديدا، كة تؤفيق وةهبي دةرزي تيَدا وتؤتةوةد. مارف خةزنةدار لةدانيشتني رؤذي 1994/11/4دا وتى: خةلَكيَكي زؤر ئامادة دةبوون، لةوانة بينيومة فاضل الجمالي وةزيري دةرةوةى ئةو كاتةى عيراق ئامادة دةبووو لةريَزي ثيَشةوة دادةنيشت.

دیارو بەرچاوی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا هەیەو پایەیەکی گەورەی لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا هەیە. لەکات و ساتێکی وەهادا بلاّو کرایەوە کەدەنگی رۆشنبیران کپ کرابوو. (لەساڵی 1956دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر رەشید عارف داوەتێکی تایبەتی بۆ وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز و سێ لە وەزیرەکانی تر لەبــەغــــدا کردووەو هەر لەو داوەتەدا لەسەر داواو پێشنیاری رەشید عارف، وەزیری ناوخۆ ئیمتیازی گۆڤارێکی رۆشنبیری داوە بەیانەی سەرکەوتن.)[1] دوای خۆ ئامادەکردن یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لەمانگی تەمووزی 1957 بلاّو کرایەوە. سەرنووسەرو نووسەرو سەرپەرشتیارانی ئەو کاتەی گۆڤارەکە لەساڵی یەکەم و دووەمیدا، بەڕێزان کامل ژیر و محمد نوری عارف ونەسرین فەخریو سعید ناکام و کریم سعید زانستی و حافڤ مصگفی قاچی بوون. پاشان نووسەرانی تر وەکو محمدی مەلا کەریم و فاتح عبدالکریم و عزالدین مصگفی رسول وعلاوالدین سجادی و ناهید سەلام و مکرم تاڵەبانی و عبدالرزاق محمد بیمارو کاکە مەم بۆتانی بوون بەلیژنەی دەرکردنی گۆڤاری هیوا.

گۆڤارەکە هەر لەسەرەتاوە بەهۆی کەم دەرامەتیەوە دەستەیەکی نووسەرانی نەگۆڕی نەبووەو نەوەکو هەر گۆڤارەکە، بەڵکو یانەی سەرکەوتن کێشەی بێ خانوویی و بێ بارەگایی هەبووە، بەردەوام داوای لەدەوڵەمەند و خەڵکی کوردستان کردووە یارمەتی مادیو مەعنەوی ئەو تاکە دەزگا رۆشنبیریە

[1] - ئةم زانياريةم لةدكتؤر محمد محمد نوري عارف لةدانيشتنيَكي تايبةتي لة كؤليجي ئةدةبيات- بةشي كوردي، زانكؤي سةلاحةددين لة رؤذي 1994/10/1وةرطرتووة، كة لةمامى (رةشيد عارف)ي بيستووةو خؤيشي لةدةستةى نووسةراني طؤظارةكة بووة لةدوو سالَي سةرةتاي طؤظارةكةدا,
(د.مارف خةزنةدار) لةدانيشتنى رؤذي 1994/11/4دا لةو باوةرِةدابوو، كة بةر لةو ميَذووة سياسةتى ئةمريكاو ئينطليز لةعيراق روو لةضاكة كاري بوو، تةنانةت هةنديَ خةلَكي رؤشنبيرو كار بةدةستيان رةوانةى ئةمريكا كرد بؤ ئةوةى ذياني ئةويَ ببينن.

**لەبەغدا بدەن، لەسالأنی کۆتایی پاشایەتی و سەرەتای سالأنی سەرکەوتنی شۆرشی14ی تەموزدا[1].بەلأم کێشەی هەژاری و دەست کورتی و کەمی نووسینی چاك و هەلۆێستی یانەو گۆڤاری هیوا لەبەرامبەر کێشە سیاسی‌یەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسم بووە هۆی ئەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤاری (هیوا)ش نەتوانن پەیامی پیرۆزی خۆیـــــان لەخزمەتی رۆشنبیریی کوردییدا درێژە پیّ بدەن و جوانەمەرگ بن.[2]**

**یانەی سەرکەوتن لەویژدانی شاعیران دا**

[1] - غةمي بيَ بارةطايي و نةبوونى خانووي شياو بؤ يانةى سةركةوتن و طؤظاري هيوا بةراشكاوي لةطؤظارةكةدا، بلاَو كراوةتةوة. برِوانة: ط هيوا، ذ34، س5، لا1-4، سةبارةت بةهةذارىو كةم دةرامةتى دةستةى نووسةراني هيوا دةلَيَن:(دةركردنى طؤظاري هيوا لةلايةن ثارةوة ئةركيَكي زؤري ئةويَ، وة ئةويش جطة لةثارةى دانة فرؤشكراوةكانى، ضي تر شك نابات،ضونكة ئاكشراية طؤظاريَكي بازرطاني نىيةو ثالَى بةكريَى (بؤ زانين) ي بازرطاني نةداوةو يانةش ضاوي لةدةستكةوت و قازانجى ئةم طؤظارة، ضيرِ نةكردؤتةوة. ئةوةى مةبةستيَتي، تةنيا دةرهيَنانى مايةي خؤيةتى و ضي تر نا...) برِوانة:ط هيوا ذ34، س5 ،لا5-6.

[2] - يانةى سةركةوتن وطؤظاري هيوا ضةندين هةلَويَستي سياسي جوانيان نواندووة، لةوانة، بةرثةرضي رؤذنامةى (الثورة)يان داوةتةوة. كة دروشمي (تواندنةوةى كورد)ى بلاَو كردبووةوة. لة طؤظاري (هيوا) دا هاتووة:(هةولَ دان بؤ ذياندنةوةى بيري ضةثةلَي تواندنةوة، لةلايةن رؤذنامةى (الثورة)وة لةم سةردةمى جومهوريةتة ئازادةدا، لةدةسيسيةكى ئيمثرياليزم بةو لاوة نىية كة ئةيةويَ ريزي نيشتماني ثارضة ثارضة بكاو جياوازي بنيَتةوة لةنيَوان رؤلَةكانى كوردو عةرةب بؤ ئةوةى ئيمثرياليزم و كؤنةثةرستي بيَنةوة سةر رووي كار.) برِوانة ط هيواذ3، س4، لا68. هةروةها دةرهةق بة موحاكةمةكردني نيشتمانثةروةرة كوردةكانى توركيا دةنووسيَ:( موحاكةمة كردنى نيشتمان ثةروةرة كوردةكانى توركيا، بةهؤي نةتةوة ثةروةريَتىو دةست طرتنيانةوة بةماف و ياساي = نةتةوةكةيانةوة، بةثيَ ليَ هةلَبرِينيَكي ئاشكراو ثشت تيَ كردن ئةذميَردريَ لة مافةكانى ئادةميزاد و يةكيةتى نيشتمانى لةتوركيادا.
ئيَمة داواى وةستاندنى ئةو موحاكةمة نادةستووريىانة ئةكةين، وة داوا ئةكةين ئةو كوردانة بةرةلَلا بكريَن.) برِوانة: ط هيوا ذ32،س4، لا41.

شاعیر و نووسەرو روناکبیرانی کوردستان لەهەموو لایەکەوە، بەبۆنەی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن سۆزی دڵ و دەروونیان لەشیعری بەرز و پەخشانی بەپێزدا دەربڕیوە. پیرەمێرد (1867 – 1950) بەبۆنەی کردنەوەی یانە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نـاوی بـاش نـوری لەسەر دەبـارێ | ئـەسمـا لەسـەمـا کـە دێـتـە خوارێ |
| بەنوری خوایـی پێـشی روونـاکـە | یـانـەی سـەرکـەوتـن کەناوی چاکە |
| بەو هونەرەوە قـەومێك سەردەخا | بـەو روونـاکـیـە هونەر دەردەخـا |
| ئـاینی کـوردی پـێ دەچێـتە سەر | ئەمری بەمەعروف نەهی لەمونـکەر |
| زۆر خدمەت بکا بەکوێری دوژمن | هیـوامـان وایە یـانـەی سەرکەوتن |
| ناوی تەئریخی بۆخۆمان دەبەین[1] | کەوابێ ئێمەیش خدمەتی دەکەیـن |

هەروەها شێخ نوری شێخ سالح (1896–1958ز) دەڵێ:

داوی شەو لەخەوا سیروەی بادی سەحەر ئەنگووت
وەك صوبحی بەهاران
شـەو عـاقـیبـەتـی هـات و دڕی صوبـحی گریبان
ڕۆژ بـۆوە لە کوردان

تا دەگاتە:

ئەم کەیفەچیە پڕ لەنەباتات و لەئینسان
بۆ چین هەموو شادان
تاکە سەنەمێ، لەب شەکەرێ، غونچە دەمانێ
شمشادی میيانێ
شیرین سوخەنێ تازەی تەڕ، مادەرکی کوردان
وەك یوسفی کەنعان

[1] - باربو، لا91.

**گورج هاته تەکەللوم وتی: ئەم عەیش و سرووره**

**ئەم شایی و سووڕه**

**بۆ (یانەی سەرکەوتن)ە، ئەم عالەمە شادان**

**هاتوونەتەجەولان**[1]

**شێخ سەلام (1892–1959ز) لەشیوەنی مەعروف جیاووکدا[2]، کەدامەزرێنەرو باوەڕپێکراوی یانەی سەرکەوتن بوو، باسی کەسایەتی جیاووك و دەوری یانەی سەرکەوتن دەکات:**

**کێ لەمەجلسدا ئەتوانێ هەڵسێ**

**وەك شێر راوەسێ**

---

[1] - ديوانى شيَخ نوري شيَخ سالَح، ئازاد عبدالواحد كؤي كردوةتةوةو ساغى كردوةتةوةو لةسةري نووسيوة، بةرطي يةكةم، بةشي دووةم، لا113-117.

[2] - دةربارةى كةسيةتى مةعروف جياووك (1885- 1958/1/14)، شاكر فتاح دةلَيَ: مارف جياووك كورديَكي مةرد و نةبةردو ئازاية. لةكوردةكانى شاري هةوليَرة، ئةمة ضةند ساليَكة دةبينم شيَرانةخةبات دةكات بؤ كةلك و ضاكةى نةتةوةكةمان. جياووك ئازاو سةربةستة. كةقسةى راست هاتة ثيَشةوةو بة باشي زانى بيكات بؤ كةلك و ضاكةى كورد، لةبةردةمى هةر كاربةدةست و دةستةلاَت داريَكي ميريدا بيَ دةيكات. بيَ باكة سلَ لةكةس ناكات، برِوانة: شاكر فتاح خةباتي رؤشنبيران،لا66. ضاثكراوةكانى مةعروف جياووك ئةمانةن:

1- جياوك الكردي، القضية الكردية ، مطبعة الاستقلال، بغداد، 1925.

2- مةعروف جياووك، بةرطي ئيملاى كوردي، ض نةجاح، بةغدا، 1930.

3- مةعروف جياووك، هةزار بيَذو ثةند، ض نةجاح، بةغدا، 1938.

برِوانة: مصطفى نةريمان، بيبلؤطرافياي دووسةد سالَي كتيَبي كوردي 1787-1986، لا63-231.دةربارةي ذيان و بةسةر هاتى مةعروف جياووك برِوانة:

مةعروف جياوك، ط رؤشنبيري نويَ،ذ134، لا81.

طارق جامباز، دةست نووسةكانى مةعرووف جياووك لةكويَن؟ رؤذنامةى ئالاَي ئازاى ذ64، خولي دووةم، يةكشةممة 1993/3/7، لا8.

طارق جامباز، نووسةرو ثاريَزةري كوردايةتى مةعروف جياوك، رؤذنامةى هةوليَر ذ(3،2)، 1992/12/31،لا3.

حقووقی قەومی یەك یەك بپرسیٚ

لەکەس نەترسیٚ

کیٚ بیکاتەوە (یانەی سەرکەوتن)

بۆ کوردی مەزن

دایم هەولٚی بیٚ هەر بۆ یەك گرتن

بەکوێری دوژمن [1]

ئەسعەد مەحوی (1902–1976)یش هەستی خۆی لەشیعرێکدا دەربڕیوە:

یانەیی سەربەستیە سەربەست ئەکا لاوانی کـــورد

هەولٚ ئەدا دائم لە بۆ سەرکەوتنی گەنجانی کورد

تیٚ ئەکـۆشـیٚ بـۆ بـلـٚنـدی نیـشتـمـانـی کـــوردەکان

ئەی کوژی میکرۆبی کوێری بیل بیلەی چاوانی کورد

تا دەگاتە:

هەربژی مەعروف یانەو گەنجەکانی کۆمەڵی

چونکە زۆر کۆشش ئەکەن (ئەسعەد) لە بۆ لاوانی کورد [2]

عەونی (1914–1992) شاعیریش دەلٚیٚ:

میللەت ئەخاتە ڕێگەی پێشکەوتن — ئەی برادەران یانەی سەرکەوتن

گەل رزگار ئەکا لەجەورو میحنەت — فائیدەی زۆرە یانە بۆ میـــللـەت

بــلاٚوئەبێــتـــەوە نامێـــنی فەســـاد — بەهۆی یانەوە ڕێکی و ئیتیـحاد

یەکیــەتی بــیــرو دلٚ و زوبــــــانە [3] — یەکەم نیشانەی کۆمەلٚی (یانە)

---

[1] - ديواني سةلام، ئامادةكردن و ثيَداضوونةوةو ثيَشةكى بؤ نووسين ئوميَد كاكة رةش،ض2 لا213.

[2] - باربو، يادطاري يانةى سةركةوتن، ذمارة (1)، لا91-92.

[3] - سةرضاوةى ثيَشوو، لا95.

# بەشی یەکەم

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەبارودۆخی سیاسیو کۆمەلآیەتی و ئابووری و رۆشنبیریی عیراق لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە 1946 تا داخستنی گۆڤاری هیوا.. 1963

لەو روانگەیەوە، کەئەدەب رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیو رۆشنبیریی میللەتە لەهەموو رۆژگارێکداو هەموو هونەرێك شاهێدی سەردەمەکەی خۆیەتیو لەدایك بووی ئەو سەردەمەیە، بۆیە بەر لەهەموو شتێك بەپێویستی دەزانین ئاورێك لەبارودۆخی ئەو رۆژگارەی عیراق بدەینەوە، کە بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەیەکی رۆشنبیری دەست پێ بکات و دەوری ئەدیب و رووناکبیرو رۆژنامەنووسەکانی کورد لەو بزووتنەوەیە دیاربخەین، کە چۆن دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا نەزانین و نەخوێندەواری باڵی بەسەر هەموولایەکی عیراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی داکێشابوو، رووناکبیرەکانی کورد زۆر چاك لەوە تێ گەیشتبوون میللەت لەگێژاوی نەزانی و دواکەوتوویی رزگارنابێ، تاوەکو راو لەزانست و خوێندەواری نەکەن، هەروا سەرگەردان و دواکەوتوو لەکاروانی میللەتان دەمێننەوە، بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی چەند کۆمەڵ و رێکخراوێکی رۆشنبیریی دامەزرێنن و رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەی رۆشنبیریی بڵاوبکەنەوە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری میللەت و گەیاندنی دەنگی میللەت و مافی کوردان بەگەلان، ئەوەبوو لەساڵی 1930دا مۆڵەتی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن دراو پاشان ئەم یانەیە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لەساڵەکانی دواتردا، گۆڤاری (هیوا)ی بەچاپ گەیاند، کە ئێمە لێرەدا لێ ی دەدوێین، بۆیە لەرۆژگاری دەست بەکاربوون و چالاکی ئەم یانەیەوە دەست پێ دەکەین، واتا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.

## بارودۆخی سیاسی

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمو هەرەس هێنانی فاشیزم، ئینگلیزەکان لەعێراقدا لەهەوڵی ئەوەدا بوون زیاتر جێ پێی خۆیان قایمتر بکەنو هەموو شێوازێکێ لەبەر بگرن بۆ زیاتر بەستنەوەی عێراق بەبەریتانیاوە، بەڵام ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی لەکۆمەڵگای عێراقدا روویان دەدا وایان دەکرد، ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو نەتەوەیی بچێتە چوارچێوەیەکی تازەوەو مەرام و مەبەستی ئینگلیزەکان بەو جۆرەی، کەئەوان دەیانویست عێراق بکەنە بنکەیەکی گرنکێ لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستداو دەست بەسەر داگرتنی داهاتیو کەرەستەی خاوی عێراق لەرێگەی کۆنەپەرستانو نانەوەی دوو بەرەکیو گیانی ناتەبایی نێوان هێزە نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازو دیموکراسی‌یەکان بێتەدی، چونکە هێزە نیشتمانپەروەرەکانیش لەو رۆژگارەدا بەتەواوی لەسەر نەخشەو پلانێکی دیاریکراو نەدەڕۆیشتنو یەکیەتی‌یەکی نیشتمانی، کەتاکە رێگەی رزگاریو بەهێزکردنی چینو توێژەکانیو هێزو پارتە سیاسی‌یەکان بوو لەبەرچاو نەدەگیرا تاوەکو گورزێکی کوشندەو بەتین ئاراستەی کۆنەپەرستانو ئیمپریالیزم بکرێت.

(رۆژی 23ی شوباتی ساڵی 1946 تۆفیق سوێدی یەکەم وەزارەتی دوای شەڕی دامەزراند، کەدوو نوێنەری بۆرجوازی نیشتمانی تێیدا بەشداربوون، یەکەمیان سەعد ساڵح، کەبووە وەزیری ناوخۆو دووەمیان عەبدولوهاب مەحمود کەبووە وەزیری دارایی)[1].

---

[1] 1- د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەکێ لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، لا204. هەروەها: ل.ن. کایلوف و. ا. ف. فديشنكو، تاريخ الاقطار العربية المعاصر 1917–1970، الجزء الاول، اكاديمية العلوم في الاتحاد السوفييتي معهد الاستشراق، دار التقدم، موسكو، 1975. ص311.

ئەم کابینە نوێیەی وەزارەت، هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونیدا، چەند هەنگاوێکی نا، کەتارادەیەکی کەم تینوویەتی دڵسۆزانو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی شکاند، لەو هەنگاوانە دیارترینیان، رەت کردنەوەی حوکمی عورفی بوو لەسەر وڵاتو گۆڕینی ئەو بارودۆخە نائارامو نائاساییەی وڵات بوو، کەلەئەنجامی شەڕ خۆی سەپاند بوو بۆ بارودۆخی هێمنو ئارامو ئازاد کردنی بەندکراوە سیاسییەکانو هەڵگرتنی سانسۆر بوو لەسەر چاپەمەنیو رۆژنامەو گۆڤارەکانو ریگەدان بوو بەچەند پارتێکی سیاسی، لەوانە: (حزب الاستقلال)و (حزب الاحرار)و (حزب الوطني الديمراطي)و (الاتحاد الوطني)و (حزب الشعب). لەهەمان کاتدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) وەکو پارتێکی دیموکراسی دامەزرا بۆ بەدیهێنانی حوکمی زاتی لەناوچە کوردییەکان لەچوارچێوەی عێراق □. لەو نێوانەدا، هیچ کام لەو پارتە سیاسییانە گرنگییان بەمەسەلەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نەدەداو هەندێکیان (گەلی کوردی کردبووە یەکێک لە[کۆسپ]ەکانی جێبەجێ کردنی یەکیەتی عەرەب □).دوای ئەوەی ساڵح جەبر وەزارەتی نوێی لەساڵی 1947 دامەزراند، بارودۆخی کۆمەڵانی خەڵک ڕوو لەخراپی بوو و زیاتر ڕقو تووڕەیی جەماوەری هەڵساند، چونکە ساڵح جەبر هەرچی زووتر دەیویست ریککەوتن نامەیەکی نوێ لەجیاتی پەیماننامەی ساڵی 1930 کەدوای جەنگی جیهانیی دووەم هەڵوەشابووەوە، لەگەڵ بەریتانیادا

[1] 1- الدکتور فاضل حسين وآخرون، تاريخ العراق الحديث، بغداد، بلا، ص 145-146.

[2] 2- د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، ل206. هەروەها بڕوانە: محمد مهدى کبة، مذکراتي في صميم الاحداث (1918-1958) بيروت، 1965، ص199.

مۆر بکات، بێ گوێدانە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانپەروەرانی عێراق، ئەوەبوو لە15ی کانوونی دووەمی 1948 لەبەندەری پۆرتسمۆی پەیماننامەی پۆرتسمۆی مۆرکرا، کەئەم پەیماننامەیەش لەناوەڕۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیامانامەی ساڵی 1930دا نەبوو، بەڵکو زیاتریش لەبەرژەوەندی بەریتانیادا بوو، خۆپیشاندان بێ جیاوازی نەتەوەییو بیروڕای سیاسی هەموو لایەکی گرتەوەو شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پۆلیسو خۆپیشاندەران لەبەغداو شارەکانی دیکەدا دروست بوو، ژمارەیەک خوێندکارو فەرمانبەرو مامۆستا کوژرانو بریندار بوون[1]. هەر لێرەوە ئەویەکیەتی‌یەی نێوان کوردو عەرەب زیاتر قوڵبووەوەو ژمارەیەک لەخەڵکی شاری هەولێرو سلێمانیو کۆیە چوونە بەغداو بەشداری ڕاپەڕینو خۆپیشاندانو ڕێ پێوانیان کردو چەندین دروشمیان دژی ئەو پەیماننامەیە بەرزکردەوەو بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی 1948 یان کرد[2].

---

1- [1] صادق حسن السوداني، لمحات موجزة عن تاريخ نضال الشعب العراقي، الموسوعة الصغيرة(45)،بغداد، 1979، ص63، لەو نامیلکەیەدا هاتووە، کەنزیکەی سەد کەس شەهید بوون بێجگە لەبریندارو ڕفێنراوو گیراوەکان. (زیاتر لە300 هەزار بەشداری خەباتو تێکۆشانیان کرد دژی پەیماننامەکەی (ثۆرتسمۆث)، بڕوانە: ل، ن. کاتلوف و ا.ف. فدتشنکو، تاريخ الاقطار العربية المعاصرة 1917–1970، ص315.

[2]2- گۆڤاری گەلاوێژ لەژمارە (3)ی ساڵی (9)، مارتی 1948دا لەلاپەڕە (13)دا بەناونیشانی (پۆستەی کوردەواری) نووسیویەتی: (کوردەواری لەهەموو شت بەلایانەوە خۆشتر گیانی برایەتیو جەرگی یەکیەتی‌یە چ لەبەین خۆیانا چ لەگەڵ برا عەرەبەکانیانا، بەڵام داخی بەجەرگم تا ئێستا لەوەتەی ئەم حکومەتە نازدارەی عێراق- سەری بردۆتە ناو حکومەتانەوەو کورسی‌یەکەی لەدیوەخانی دەوڵەتەکان داناوە لەهەموو دەورێکیا جۆرە پیاوی وا سەری هێناوەتە کۆڕی ئیش کردنەوە کەبێجگە لەقازانج پەرستی خۆی نەبێ هیچ ئامانجێکی تری نەبووە.. پاشان نووسیوویە:(لەرۆژی 13⁄2⁄1948دا پۆستەی کۆیەو هەولێر گەیشتنە جێ، ئەوەی پێی بڵێین پیاوەتی نوانديان، بەشەقامەکانا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان..) پاشان بەردەوام دەبێ: (ڕۆژی 26⁄2⁄1948 کوڕگەلی سولەیمانی گەیشتن، تەنها ئەوان (300) کەسێک بوون، لەگەڵ لاوەکانی (ڕانیە)و (زاخۆ)یەکیان گرت...) بەردەوام

## لەکەرکووکیشدا خەڵکە نیشتمانپەروەرەکە هێرشیان کردە سەر کۆنسۆلخانەی بەریتانی و دوو ساڵ پێشتریش (لەمانگی تەمووزی ساڵی

دەبێ، ئینجا خوتبەی (محمد احمد طه) نووسراوە: (شەهیدەکانی ڕێی ئازادی ئەوا پۆستەی سولەیمانیو کوردەواری ڕێگەیەکی دوورو درێژیان بڕیوەو هاتوون بۆ دیدەنیان، ئەو گیانە پاکانەتان کەبەزۆری گوللە کۆچی ماڵاواییان لەلەشەکانتان پێ کراوە ئەوا بەسەرسەرمانەوە وەکو پەپوولە ئەسووڕێنەوە.) دوای ئەو: (رشید احمد)و (عاملە)ی کچی حیدر سلێمان بەزمانی عەرەبی وتاریان خوێندەوە.) پاشان دەڵێ: (لەرۆژی 1948/3/5 پۆستەی خانەقی دیمەنی سەد کوردی خانەقیو سەد کوردی بەغدات ئەدی، کەگەیشتنە سەر گۆڕستان ئیش لەهەزار کەس نەما..).

هەر لەهەمان ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژدا بەناونیشانی (ساڵی چلو هەشت) لاواندنەوەیەکی کچە کورد خۆشناو بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینی ساڵی 1948 بڵاوکراوەتەوەو دەڵێ: (..ئەم سۆزەم کەبالە کوللەیەکی پێشکەش بەگیانی پاکی شەهیدەکانی ئیمساڵی ئەکەم...).

هەروەها شاعیرانی کوردیش، (پیرەمێرد)و (بێ کەس)و چەند شاعیرێکی دی سۆزو کوڵی دڵیان بەهۆنراوە دەربڕیوە، (پیرەمێرد) دەڵێ:

وا ڕۆژهەڵات لەبەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تائێستە رووی نەداوە لەتەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا
پێی ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

بڕوانە، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فائق هوشیارو محمد احمد محمدو مصطفی ساڵح کریمو محمد نوری تۆفیقو احمد زرنکَ مصطفی، لا207.

(بێ کەس)یش دەڵێ:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر نـــاگرێ

تادەگاتە:

دۆستی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە
دوژمنی روو ڕەش با لەداخا یەخەی خۆی دادڕێ

بڕوانە: دیوانی بی کەس، محمدی مەلا کەریم ڕێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیووەو سەرپەرشتی لەچاپدانی کردووە، چاپی سێهەم، لا83.

1[1] 1- S. H . Longrigg, Iraq. 1900 To 1950. Oxford Univecity Press. 1968.p. 347.

1946دا هەموو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بەکوردو عەرەبو تورکمانو ئاسورییەوە قسەیان کردە یەکو بڕیاریاندا کەلەمافی خوارو و دزینی رەنجیان چاوپۆشی نەکەن..)[2] ، لەو کاتەیشدا حکومەتی پاشایەتی عێراق بەر لەساڵێک لەراپەڕینەکەی ساڵی 1948، (لەبەرەبەیانی 19ی حوزەیرانی 1947 رژێمی پاشایەتی بەکرێگیراو لەبەندیخانەی ناوەندی بەغدا حوکمی خنکاندنی ئەو چوار قارەمانەیدا، لەبەرئەوەی داوای مافی رەوای گەلەکەیان دەکرد[3]).

هێرشو خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلیجەکانو نیشتمانپەروەرانو بەشداری ژنان ئەوەندەی دی ئاگری راپەڕینەکەیان خۆش دەکرد، ئەم بارودۆخە ناهەموارەو سیاسەتە چەوتەی ساڵح جەبر لەبەری گرتبوو وای لەعەبدولئیلا کرد داوا لەساڵح جەبر بکات واز لەکار بهێنێتو محەمەد سەدر رابسپێریت کەکابینەی حکومەتێکی نوێ دامەزرێنێ. سەرۆک وەزیرانی نوێ لەیەکەم هەنگاوەکانیدا ئەوەبوو پەیمانی پۆرتسمۆی رەت بکاتەوە.

2 - میدیا، راپەڕینەکەی گاورباخی نیشانەی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی عێراقە، پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، ژ 5، پێنج شەممە 21/7/1977 لا4. هەروەها: الدکتور کمال مظهر احمد، صفحات من تاریخ العراق المعاصر، دراسات تحلیلیة، بغداد؛ 1987،ص134.

3- محرم محمدامین، رۆژی (19) حوزەیران یادی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستانە، کێ رۆژی نوێ، ژ3،س2، سلێمانی، حوزەیرانی 1961، لا85.
هەروەها: نەمری بۆ قارەمانانی کوردستان، رۆژنامەی خەبات،ژ13،س1،6ی تەمووزی 1951،لا1. ئەم چوار ئەفسەرەش (خیراللە عبدالکریمو محمد قودسی مصطفی خۆشناوو عزت عبدالعزیز) بوون.

سەبارەت بەدەسکەوتەکانی گەلی کورد لەسەرکەوتنی ڕاپەڕینی ساڵی 1948دا، د. کەمال مەزهەر دەڵێ: (گەلی کوردیش لەئەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا بەچەند مافێکی سەرەتایی خۆی گەیشت. بۆ یەکەم جار لەمێژووی عێراقدا ڕێگەی دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بەزمانی کوردی درا. ڕۆژی 21ی مارتی 1948 بۆ یەکەم جار کورد وا فراوانو ئاشکرا یادی نەورۆزی لەبەغداو شارەکانی کوردستان کردەوە[1]). هەر لەو ساڵەدا کورد بەشداری شەڕی فەلەستینی کرد. ئەم بارودۆخە جارێکی تر نەهامەتی بەخۆیەوە دیو کۆمەڵێ گۆڕانکاری سیاسی ڕوویدا. لەساڵی 1952دا شۆڕشی 23ی تەمووز خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەبوو بۆ هەموو هێزە نیشتمانیو دیموکراتی خوازەکان بۆ ئەوەی ئەو سەرکەوتنەی گەلی میسر بەدەستی هێناو توانی ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم بێتەوە، گەلی عێراقییش تەکانێکی وا بدات لەڕەگو ڕیشەوە بگۆڕێت. ڕژێمی پاشایەتی تەفروتونا بکات. دەسبەجێ پارتە سیاسی‌یەکانو سەرۆک وەزیرەکانی پێشوو لەکۆشکی پاشایەتی کۆبوونەوەیەکیان سازدا، تەنانەت هەندێکیان ڕاستەوخۆ عەبدولئیلایان بەبەرپرسی ئەو بارودۆخە ناهەموارە لەقەڵەمدا، چونکە پێیان وابوو ئەو هۆکارانەی کۆدیتایەکەیان خوڵقاند لەعێراقیشدا هەن، بۆیە دەبێ دەستو بردی لێ بکرێت. هەر زوو ئەمە

1. د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، لا218. مەبەست لەو گۆڤارە سیاسی‌یەش گۆڤاری (نەزار)ە، کەخوا لێ خۆشبوو علاءالدين سجادی سەرنووسەری بوو. (گۆڤارێکی سیاسی کوردیو عەرەبی هەفتەیی بووە، لەشارە بەغدا دەردەچوو، لێپرساوی مەحموود سنوی بووە، (23) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارەیەکی لەڕۆژی 30ی مارتی ساڵی 1948 دەرچووە.)، وە ژمارە (22)ی لە15ی شوباتی ساڵی 1949 دەرچووە.)، بڕوانە: جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەغدا، 1973، لا55.

لەهەڵوێستی قوتابیانی کۆلیجەکانی پزیشکیو دەرمانسازیو بازرگانی ڕوویداو ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان رژانە ناو شەقامەکانو لەدروشمەکانیاندا داوای چاکردنی باری ناوخۆو پیادەکردنی دیموکراتیو سەربەستیو هەڵبژاردنیان لەوڵاتدا دەکرد.

ئەم خۆپیشاندانە وای لەسەرۆکێ وەزیران (مصطفی العمري) کرد دەست لەکار بکێشێتەوەو سەرۆکێ ئەرکانی سوپا (نورالدین محمود) کابینەی نوێی حکومەت دابمەزرێنێ. سەرۆکێ وەزیرانی نوێ دەسبەجێ حوکمی عورفی لەوڵات راگەیاندو بڕیاری داخستنی پارتە سیاسییەکانی دەرکرد.[1]

ئەم بارودۆخەش نەیتوانی سەر بەگەلی عێراقو پارتە سیاسییەکان نەوی بکات. بۆیە لە1954/8/3دا نوری سەعید وەزارەتی دوازدەهەمی خۆی دامەزراند[2].

ئەمجارەیان هەر لەسەرەتاوە نوری سەعید هەوڵی دەدا پەیماننامەیەکێ لەگەڵ بەریتانیادا مۆر بکاتو شکست بەهێزە رزگاریخوازو ئازادیخوازەکان بهێنێ. دوای یەکێ ساڵ، واتە ساڵی 1955 عێراق چووە نێو (پەیماننامەی بەغدا). ئەو پەیماننامەیە جارێکی دی عێراقی پابەندی بەریتانیا کردەوە،

1. عبدالواحد مصطفى الحصونة، الحركة الطلابية العراقية ودورها في النضال الوطني والقومي 1947-1963، (رسالة ماجستير) جامعة بغداد، 1983، ص 101-110.

2. لەم وەزارەتە نوێیەدا نوری سەعید بێجگە لەکاری سەرۆکێ وەزیران وەزیری بەرگریش بوو، سەعید قەزاز وەزیری ناوەخۆو موسا شابەندەر وەزیری دەرەوەو خلیل کنە وەزیری مەعاریفو محەمەد عەلی محمود وەزیری دادو عبدالوهاب مەرجان وەزیری کشتوکاڵو شاکر الوادت وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدکتور جعفر عباس حمیدي، التطورات والاتجاهات السیاسیة الداخلیة في العراق 1953-1958 بغداد، 1980، ص 103-104.

لەریگەی پیاوی شارەزای ئینگلیز لەعێراقدا (نوری سەعید). لەساڵی1956دا بەهۆی دەست درێژیە سێ قۆڵیەکەی سەر میسر شەپۆلی توندوتیژی پایتەختو شارەکانی عێراقی گرتەوە. پارتی دیـموکــراتی کوردستانیش وەکوحیزبێکی کوردی پشتگیری لەگەلی میسری کرد[1]. تەنانەت خۆپیشاندانەکان ئەوەندە درێژەی کێشا وای لەحکومەتی نوری سەعید کرد سەر بۆ داواکانیان نەوی بکاتو ئامادەییشی پیشان بدات بۆ ناردنی یارمەتی سەربازی بۆ میسر[2]، بەڵام خۆی لەراستیدا، ئەو بەڵێنانەی حکومەت بلّقی سەر ئاو بوونو لەژێرەوە کەوتە گرتنی شۆڕشگێڕانو بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان. یەکێ لەئەنجامەکانی سەرنەکەوتنی ئەو خۆپیشاندانە وای لەهێزە نیشتمان پەروەرەکان کرد لەساڵی 1957دا هەوڵەکانیان بەشێوەیەکی بەرەیی درێژە پێ بدەنو (بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی) پێکٔ بهێنن[3]. بەڵام خۆڕێکخستنی (ضباط الاحرار)و هێرشی

---

1. پەیوەندی نێوان گەلی کوردو حکومەتی میسری لەچلەکاندا بەهێز بووەو حیزبی (ڕزگاری کورد) یاداشتنامەیەکی لەو کاتە دایە مفوەزییەی میسر لەبەغدا دەربارەی پشتگیری گەلی کورد، بۆ دەقی یاداشتنامەکە بڕوانە: ژمارە (320)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، 23ی ئەیلولی 1960.
پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حیزبێکی نەتەوەیی کوردی پشتگیری خۆی بۆ گەلی میسر دەربڕی لەو هێرشەی لەساڵی 1956 کرایەسەری، بڕوانە: حسن علي عبدالله، الموقف الرسمي والشعبي من تطور الاحداث السياسية في مصر 1952–1956، (رسالة ماجستير)، جامعة بصرة، 1986، ص 121–123.

2. وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عێراق دکتۆر فاضل الجمالي وتی: (عێراق پشتگیری لەهەموو داواکانی میسر دەکاتو کێشەی میسر کێشەی عێراقیشە بێ جیاوازی.) بڕوانە الدكتور مجيد محیالدين، العراق والسياسية العربية 1941–1958، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة (146)، بغداد 1980، ص237.

3. ئەم بەرەیە لەحزبی شیوعیو حزبی نیشتمانی دیموکراتیو حزبی سەربەخۆییو حزبی بەعس پێکهاتبوو، هەموو پارتو ڕێکخراوەکان پشتگیرییان لێ دەکردو لەساڵی 1957 دامەزرا، بڕوانە: ل.ن. كايلوف و ا.ن. ف. فديشنكو، تاريخ الاقطار العربية المعاصر، ص 324.

سێ لایەنی بۆ سەر میسرو مەسەلەی فەلەسینو رۆڵی ریکخستنی قوتابیانو خەڵکی زەحمەتیکێشو ئەو سیاسەتە نارەوایەی نوری سەعید بۆ سەرکوت کردنەوەی بزاڤی پارتە سیاسی‌یەکان هەموو ئەمانە بوونە هۆی رووخانی پاشایەتی لەعێراقو بەرپابوونی شۆرشی 14ی تەمووزی 1958. لەگەڵ بەرەبەیانی شۆرشداو (دوای کەمتر لەسەعاتێک لەخوێندنەوەی بەیانی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی نیشتمانی لەرادیۆی بەغدا سەرکردەکانی پارتی لە کەرکوک برووسکەی پیرۆزبایی‌و پشتگیری‌یان بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان ناردو هیواخوازی خۆیان تێدا دەربری بوو بەوەی، کەئەم شۆرشە پیرۆزە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێ لەپێوەندی نێوان کوردو عەرەب، کەچاکەو پێشکەوتنی هەردوو گەلی تیابێ[4].

هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو زووبەزوویی وەفدی کورد رووی کردە بەغدا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە پاڵپشتی شۆرشی ساوای عێراق بکاتو لەهەمان کاتدا داوای بەردانی هەموو بەندکراوە سیاسی‌یەکانی کورد بکاتو دوورخراوەکان بگەرێنەوە شوێنو زێدی خۆیان، لەنێویاندا مەلا مستەفا بارزانی‌و هاوەڵەکانی، کەئاوارەی یەکیەتی سۆڤیەت ببوون. گەرانەوەی بارزانی‌یەکانو هاوەڵەکانیان لەسەر دێری رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوەو جۆشو خرۆشێکی تازەی بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخشی، گۆڤاری (هیوا)یش بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆی نووسیووەو دەڵێ:

بەخێر بێنەوە ئەی قارەمانان

4– ابراهيم احمد، الشعب الكردي والعراق الجمهوري، جريدة الاتحاد العدد 90 في 30 تموز، السنة الثانية، 1994، ص3.

خۆشهاتیتەوە ئەی قارەمانی دلاوەر، خۆشهاتیتەوە سەربازی جەنگاوەر، هاتنەوەی تۆو هاوڕێکانت، هاتنەوەتان ئاوا بەئازادیو ڕێزەوە جێی شانازیە بۆ نەتەوەی کورد، سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ میللەتەکەمان، گوللەیەکە بۆ سەر دڵی ئیمپریالیزم. تۆڵەی پێشەوای کورد، مستەفا بەرزانی، تۆ سەلمانت کەنەتەوەی کورد ئازاو نەبەردن، دوژمنی زۆرو داگیرکەرن، هەواڵی کۆڵدان نازانن، گەلێکن تێکۆشاونو تێ ئەکۆشن لەپێناوی ئازادییاندا) پاشان بەردەوام دەبێ:

(ئێمەش دەستەی نووسەرانی هیوا هەر لەئێستەوە چەپکە گوڵی خۆشنودیی خۆمانتان پێشکەش ئەکەین، لەکانگەی دڵمانەوە ئەڵێین: بەختیارین بەهاتنەوەتان، شادین بەئازادییتان.. بەخێربێنەوە.

دەستەی نووسەرانی هیوا [1]

بەسەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمووز ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان درا، بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەکرێ بکرێنە سەرچاوەیەکی بەکەڵک بۆ لێکۆڵینەوە. لەڕۆژنامەی (ئازادی)دا□ کەکۆمۆنیستەکانی کورد دەریاندەکرد هەڵوێستی

---

1. گۆڤاری هیوا، ژ3، س3، بەغدا، لا 53

2. ڕۆژنامەی (ئازادی)، ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی سیاسی بووە، زمانی پارتی کۆمەنیستی عێراقی لقی کوردستان بووە، خاوەنو سەرنووسەری پارێزەر نافع یونس بووە، ژمارەیەکی لەڕۆژی 1ی ئایاری ساڵی 1959 دەرچووە، دوا ژمارەی لەساڵی دووەمی ژمارە (56) بووە، ڕۆژی 28ی تشرینی دووەمی ساڵی 1960 دەرچووە، ئیتر پەکی کەوتووە، ئەحمەد غەفوورو محەمەد کەریم فەتحوڵڵاو محەمەدی مەلا کەریمو عەزیز محەمەدو حوسێن عارفو عیزەدین مستەفا ڕەسول بەشدارییان لەدەرکردنی کردووە، بڕوانە: جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، لا 68.

خۆیان روون کردۆتەوە:(گەلی کوردیش لەعێراقا بەشێکە جوێ ناکرێتەوە لەمیللەتی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستانی پارچە پارچە کراوا لەمابەینی دەوڵەتانی تورکیاو ئێرانو عێراقا، وە میللەتی یەکێ میللەتە، هەموو خاسیەتێکی نەتەوایەتی میللەتی هەیە، سەبارەت بەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێن، بەدرێژایی مێژوو پێکێ هاتوون،خاکێکی هەیە، کەبێتە هۆی سەربەستیو یەکێ گرتنی موشتەرەکیان نەتەوایەتی‌یان)[1] گەلی کورد هیوای زۆری بەکۆماری ساوای عێراق هەبوو و هەرزوو زەعیم عەبدولکەریم قاسم جێگەی لەدڵی خەڵکی کورد دا کردەوە، بەو هیوایەی کە(عێراقی کوردو عەرەب)[2] هەروەکو لەبەندی سێیەمی دەستووری کاتی‌ی عێراقدا هاتبوو جێبەجێ بکرێت سەبارەت بەمافی نەتەوایەتی کورد، تەنانەت لەساڵی دووەمی جمهوریەتدا کەتەقەی لێکراو رۆژنامەکان بڵاویان کردەوە غەمو پەژارەیەکی زۆر بەهەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبۆوەو لەگەڵ دەرچوونی لەخەستەخاندا شادی گێرِا[3]. هەروەها لەسەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی (الشواف)یش لەموسڵ کورد یارمەتی‌یاندا[4]، بەڵام عەبدولکەریم قاسم لەوکاتەدا بەهۆی ململانێی خۆی

1. لەبابەت سیاسەتی ئازاد بوونی عەرەبو مسەلەی نەتەوایەتی‌ی کوردەوە، رۆژنامەی ئازادی، ژ2، س1، کەرکووک، یەکێ شەممە، 10ی ئایاری 1959.

2. لەبەندی سێیەمدا دەڵێ:(کوردو عەرەب هاوبەشن لەعێراقدا) بڕوانە:
Thomas Bois, The Kurds, Translated from the French by Professor M.W. Welland, Beirut, 1966, p. 153.

3. رۆژنامەی ئازادی، ژ 50، س، 28/12/1959، لا2.

4. حسن ارفع، کردهاو یکێ بررسی یارتخی وسیاسی، تهران، 1966، ص 125.

هەروەها: دکتۆر. ش. ئەشیریان نووسیویەتی: (لەسەرەتای مانگی مارتی 1959دا یاخی بوون لەمووسڵ دەستی پێ کرد. ئەو حەلە بەشی زۆری سوپای عێراق لەبەغداو باشوور بوون. لەوکاتەدا بۆ قاسم زەحمەت بوو بتوانێ هێزەکانی

لەگەڵ عبدالسلام عارفدا لەسەر دەستەڵاتی وڵات زۆر شتی لەبیربردبووەوە، هەردووکیان بەدوو هێڵی جیاوازدا دەڕۆیشتن، عبدالسلام لەلایەن نەتەوەیی‌یەکانو عبدالکریم لەلایەن شیوعی‌یەکانەوە، تاوەکو دواجار توانی عبدالسلام لەدەستەڵات دوور بخاتەوە بەوەی، کەوەکو باڵوێزێک رەوانەی ئەڵمانیای بکات□.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تەمەنی کۆماری عێراقدا قاسم مۆڵەتی چەند حیزبێکی‌دا بەئاشکرا کار بکەن وەکو هەنگاوێک رووەو دیموکراسی. یەکێ لەو حیزبانە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو. خەڵکی کوردستان تەواو دڵنیا بوون لەنیازپاکی قاسم. رۆژنامەی (نەورۆز) نووسیویەتی:(لەرۆژی 9/2/1960 لەکاتی ئێوارە هەموو شاری سلێمانی دەنگی دایەوە بەمولەت وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئاشکرا، وە هەموو شارەکە بە مژدەیەکەوتنە گەڕان بەشەقامەکاندا□.

---

رەوانەی ئەویَ بکات بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکەن، بۆیە هانای بۆ کوردو حزبی شیوعی برد تاوەکوە بەرگری لەکۆماری عێراق بکەن. بەهاوکاری کوردو حزبی شیوعی لەماوەیەکی کەمدا یاخی بوونەکەیان کۆتایی پیێ = هێنا، پێشمەرگەکان لەژێر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو کۆمەڵانی چەکداری خەڵکیش بەسەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق لەهەشتی مارتدا، لەو رۆژەی یاخی بووەکان پلانەکەیان دارشتبوو، بەرەو باکوور ملی‌یان ناو مووسڵیان داگیرکردو نەیارو ناحەزانی شۆڕشیان بەدیل گرتو ئەو دیموکراسییانەشیان ئازاد کرد، کەلەلایەن یاخی بووەکانەوە پێشتر بەدیل گیرابوون)، بڕوانە: ش.ج.ا شيريان، الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان – العراق 1961–1968، ترجمة ولاتو، بيروت 1978، ص69. فەسڵێکی ئەو کتێبە لەلایەن کاکێ نەجاتی عەبدوڵڵا تەرجەمەی کوردی کراوەو بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: تەنگژەی حکومەتی قاسمو سەرەتای تەقو تۆقی جەنگێ لەکوردستانی عێراقدا 1958-1963، رۆژنامەی برایەتی، ژ 2040 یەکشەممە 11/9/1994، لا7،6.

1. صالح حسين الجبوري، ثورة 8 شباط 1963 في العراق، دراسات في التاريخ السياسي (اسبابها مقدماتها– قيامها)، (رساله ماجسيتر)، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، بغداد، 1986، ص25.

هادى حسن عليوي، عبدالكريم قاسم الحقيقة، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1990، ص73.

2. رۆژنامەی نەورۆز، ژ15، س2،13 شوباتی 1960، لا2.

هاوكات رۆژنامەكانی تریش مانشێتو سەردێڕی رۆژنامەكانیان بەوتەی عبدالكریم قاسم دەڕازاندەوە[1]. لەو كاتەدا بەعسی‌یەكانیش وەكێ حیزبێكی نەتەوەیی داوای یەكیەتی‌یان دەكرد، رووكەشانە دەیانویست سۆزی كورد بۆ لای خۆیان رابكـێشن، مێشێـل عـەفلـەق دەیـووت:(هێزێك نی‌یە جیابكاتەوە تا دوا تنۆكێ خوێنمان نیشتمانەكەمان ئەپارێزین لێكمان (مەبەستی لەكوردە-هـ)[2]، بەڵام ئەو بەڵێنو خەونانە زۆر درێژەی نەكێشا، قاسم لەزۆربەی بەڵێنو پەیمانەكانی دەرهەق بەكورد پەشیمان بووەوە. رۆژنامە كوردی‌یەكانی ئەو رۆژگارەیش لەخستنەڕووی حەقیقەتەكان دریغی‌یان نەدەكرد، لەرۆژنامەی (ئازادی)دا هاتووە: رۆژ نیە چەند نامەو عەرزو حاڵو بیرخەرەوەیان پێ نەگات لەلایەن ئەو رەنجبەرو فەلاحو تێكۆشەرە دڵسۆزانەی تری جمهوریەتەوە كەلەناوچەكانی كوردستان دوورخراونەتەوە بۆ هەندێكێ شارو دێهاتە خواروو، وە هەندێكیان خزێنراونەتە بەندیخانەكانەوە یان لەگرتووخانەكاندا راگیراون وە كەسو كارو خێزانو دۆستو ناسیاویان هەموو هاوار ئەكەن تاكەی ئەم دڵسۆزانەی جمهوریەت بەدەربەدەر كراوی، دوور لەماڵو منداڵو ئیشو كاریان بمێننەوە سەبارەت بەدرۆو دەلەسەی چەند دەرەبەگێكی داخ لەدڵ)[3].ئەم جۆرە نووسینانە لەبەرژەوەندی قاسمدا نەبوو، بۆیە هەر لەساڵی (1959)ەوەكەوتۆتە گلەیی

1. بۆ نموونە رۆژنامەی خەبات لەلاپەڕەی یەكەمدا نووسیویەتی: (سەرۆكێ عبدالكریم قاسم دەڵێ: من نەتەوایەتی كورد - القومیة الكردیة- دەپارێزم.)، ژ 15، س1،21ی تەمموزی 1958، لا1.
2. گۆڤاری پێشكەوتن، ژ 21، س1، بەغدا، 16ی ئابی 1958.
3. رۆژنامەی ئازادی، ژ 2، چوارشەمە 5ی ئایاری 1960.

لەرۆژنامەو گۆڤارەکانو دەڵێ: (هەندێ رۆژنامە دەنووسێ کەوا هێزە دیموکراتی‌یەکان تۆقێنراونو پەرشو بڵاوکراونەوە[1] ، هەر لەوێ بەئاشکرا هەرەشەیان لێ دەکاتو بەئاشکرا کەوتە گرتنی پێشکەوتنخوازەکان[2] و سەرکردە سیاسی‌یەکانو وەستاندنی هەندێ دەزگای رۆشنبیریی کوردیو پێشێل کردنی وەفدە کوردی‌یەکانی بەغداو مافە سەرەتایی‌یەکان[3] ، ئەمانە وای لەمەلا مستەفا کرد بەغدا بەجێ بهێڵێو رووەو بارزان بگەڕێتەوە. لەو کاتەدا قاسم وەکو رژێمەکانی پێش خۆی سیاسەتی کورد بەگژیەکێ وەنانی لەبەر گرتو هەندێ سەرۆکێ عەشیرەتەکانی لەدژی مەلا مستەفا قیت کردەوە. پاشان بەهێزی سوپایی‌یەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکەو فڕۆکەکانی عێراق ناوچەی بارزانیان بۆردومان کرد، بۆیە (مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە1961/9/16 کۆبوونەوەو بڕیاری شەڕیان راگەیاند)[4] ئەم بارودۆخە تاوەکو ساڵی 1963 بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا بەعسی‌یەکان لە8ی شوباتی 1963دا بەکۆدیتایەکی سەربازیی حکومەتی (عبدالکریم قاسم)یان روخاند.

1. رۆژنامەی خەبات، ژ23، س1، هەینی 31ی تەموزی 1959.

2. مامۆستا ابراهیم احمد بەهۆی نوسینی وتارێکێ لەرۆژنامەی (خەبات)و بەوەی، کەحکومەت تاوانباری کردبوو بەکوشتنی سەدیق میران درایە دادگاو لەپاش کێشەیەکی زۆر (تبریە) بوو، بڕوانە: احمد رەسوڵ پشدەری، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، بەغدا 1992، لا141.

3. بۆ پێ شێل کردنەکانی قاسمو هەنگاوەکانی دژ بەجووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد بڕوانە: نبیل زکي، الاكراد الاساطير والثورات والحروب، مطبوعات كتاب اليوم (8)، مطبعة مؤسسة دار اخبار اليوم؛ القاهرة، 1991، ص79.

4. د. حامد محمود عيسى علي، المشكلة الكردية، ص 202. شایانی سەرنجە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی 1961/9/11 بەرۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول دادەنێت، بڕوانە رۆژنامەی برایەتی، ژ 2040، یەکشەممە 1994/9/11.

بەعسی‌یەکان بەر لەوەی کۆدیتاکەیان سەربکەوێ بیریان لەوە کردبووەوە بەهەموو شێوەیەک دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردایەتی بجوڵێتەوەو وەکو نەتەوەییەکی کۆنەپەرستیی عەرەب رەفتار بکەن، بۆیە سەیر نیە ئەو راستیە لەخۆیان ببیستین وە شاهێدی ئەو راستیەبن[1].

رەفتاری (الحرس القومی)یەکانیش لەکوردستاندا مایەی نەفرەت لێکردنە. رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکانیش، کەهەردەم پەیوەستی بارودۆخی سیاسی وڵات بوون، لەگەڵ هاتنی بەعسی‌یەکاندا بۆ سەر حوکم زۆربەیان پەکیان کەوتو لەکارخران[2].

## بارودۆخی کۆمەلأیەتی‌و ئابووری

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە باری سیاسی عێراق هەمیشە پڕ ئاژاوەو نائارمی سیاسی بووەو بەهیچ شێوەیەک سەقامگیر نەبووە، لە ساڵانی

1. صالح حسين الجبوري دەڵێ: بۆیە بۆ ئەنجام دانی کۆدێتاکەی 8ی شوباتی 1963 بەعس سوودیان لەفڕۆکەخانەی (الحبانية) وەرگرت چونکە نزیک بوو لەبەغدا، بەڵام فڕۆکەخانەی کەرکووک تەرخان کرا بۆ سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی یاخی گەڕانەی مەلا مستەفاو لایەنگرەکانی، بڕوانە: ثورة 8 شباط 1963 في العراق، ص 149.

2. گۆڤاری (هیوا)و رۆژنامەی (بڕوا)و گۆڤاری (روناهی)و گۆڤاری (رۆژی نوێ)و هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی تر، تەنیا رۆژنامەی (راپەڕین) لەگۆڕەپانەکەدابوو، بڕوانە: جمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، لا63-91.

1948،1952،1956، 1958، 1961، 1963 شۆڕشو کۆدیتاو بزووتنەوەی جیاجیا ڕوویان داوە□.

سەقامگیر نەبوونی ئەو بارە سیاسی‌یەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ یاری کردن بەبڕیارە سیاسی‌یەکانو زەوت کردنی مافەکانی خەڵکەو سەپاندنی فەرمانی عورفی‌و فێڵ کردن لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بەهۆی شوێنی ستراتیژی عێراقەوەو داهاتی زۆری، بەریتانیا حیسابی تایبەتی بۆ دەکردو چاوی تێ بڕی بوو. بۆ درێژەپێدان بەچەوسانەوەو مانەوەی خۆی لەعێراقدا سەرکوتی هەموو جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەکردو خێزانی هاشمی‌یەکانی لەسەر وڵات کردبووە کۆتێک، کەخەڵکە کەژیانی لێ ببێ بەمەرگەساتو ڕۆڵەکانی عێراق بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی لەزیندانە نووتەکەکاندا دەئاخنی‌و مافە سیاسیەکانی پێ شێل دەکردن، پەیوەندی‌یەکانی خێزان، پەیوەندی‌یەکی خێڵەکی دواکەوتوو بوو، ڕادەی بوونو مردن لەگەڵ ژێژەی زیاد بوونی دانیشتواندا نەدەگونجا. ژمارەی مردن لەزۆربەی کاتدا، لەگەڵ ژمارەی لەدایک بووندا یەکسان بوو. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕادەی لەدایک بوونو مردن لەلیوایەکانی کوردستان لەساڵی 1953دا پێشان دەدات□.

| لیـــــوا | تێکرایی بوون% | تێکرایی مردن% |
| --- | --- | --- |
| سلێمانی | 2،3 | 3،3 |
| هەولێر | 2،9 | 2،8 |

3. لەئەنجامی ئەو نائارامی‌یە سیاسی‌یەدا لەسەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا لە1930-1958، (59) وەزارەت دامەزرا، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج 10،ص 284.

1. ): د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، 1959، ص58.

| | | |
|---|---|---|
| كەركوك | 5،5 | 2،6 |
| مووسڵ | 16،9 | 8،8 |

بێ گومان ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کەخزمەتگوزاری تەندروستیو باری گوزەرانی خەڵک لەپلەیەکی نزمدا بووە□، خواردنو خۆراکی چاک بۆ ساوا نەبووە، ئەم بارودۆخەش نەوەکو هەر لەپێش شۆڕشی 14ی تەمووزدا، بەڵکو دوای شۆڕشیش هەر بەردەوام بووەو لەساڵی 1961دا دکتۆر شاکر خەسباک دەڵێ:(باری تەندروستی ناوچە کوردییەکە خراپەو ڕادەی مردن زۆرە)□

هەروەها دەڵێ:(دەست کەوتی گشتی تاکێکی عێراقی وەبەتایبەتی دێهاتییەکان لەنزمترین ڕادەدایە)□.

بەپێی سەرژمێژی ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی عێراق شەش ملیۆنو نیو کەس بوو، کەپێکهاتبوو لەعەرەبو کوردو تورکمانو کەمە نەتەوەییەکانی تر. لەڕووی ئاینیشەوە بەشی زۆری موسڵمانو ئەوانی تر مەسیحیو یەهوودیو ئاییینو مەزهەبەکانی دی بوون)□.

1. بەپێی ئاماری ساڵی 1955، لەلیوای سلێمانیو هەولێرو کەرکوک هەریەکە (5) نەخۆشخانەی تیابوو. بڕوانە: د.شاکر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص61.

2. بەپێی ئاماری ساڵی 1955، لە لیوای سلێمانیو هەولێرو کەرکوک هەریەکە (5) نەخۆشخانەی تیابووە. بڕوانە: د.شاکر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص61.

3. سەرچاوەی پێشوو، لا 57.

4. بەپێی سەرژمێری ساڵی 1957، ژمارەی دانیشتووانی عێراق □□□,□□□,6 کەس بوو و ژمارەی کورد لەلیوایەکاندا بەم شێوەیە بوو:

| لیـــــوا | کــورد |
|---|---|
| مووسڵ | 232206 |

لەرووی پێکهاتی چینایەتی‌یەوە چینی زەحمەتێکش (90 ٪)ی دانیشتوانیان پێکئ دەهێناو ئەوەی تر دەرەبەگَو بۆرژواکان بوون. بۆیە کۆمەڵگای عێراق دابەش دەبووە سەر دوو چینی سەرەکـی: چیـنـی زەحمـەت کێش: ئـەویش (جووتیارو کرێکارو کاسبکارو فەرمانبەرانی دەگرتەوە (ووردە بۆرژوا) □.

چینی بەرز: ئەویش (دەرەبەگَو بۆرژوا گەورەکان)ی دەگرتەوە.

### چینی زەحمەتکێش:

حاڵەتی جووتیار ئەوە بەجارێکئ شپرزە بوو بەدەست ئاغاو دەرەبەگە خوێنمژەکانەوەو داهاتی جووتیار هەمووی بۆ ئاغای خاوەن زەویو زار بوو، بەشی جووتیار هەر نانو زکئ بوو. جوتیار پارچەیەکئ زەوی نەبوو لەپێش شۆڕشی 14ی تەمووز، ساڵ دوانزەی مانگئ بۆ ئاغا کاری دەکردو داهاتی بۆ گیرفانی ئاغا بوو، چونکە لەسەردەمی پاشایەتی‌دا هیچ یاسایەکی چاکئ کردنی کشتوکاڵ نەبوو بتوانێ بەرگری لەجووتیاران بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو یاسایەکان لەبەرژەوەندی دەرەبەگدا بوونو ساڵانە

| | |
|---|---|
| هەولێر | 243335 |
| کەرکووکئ | 187593 |
| سلێمانی | 2999936 |

= هەروەها ژمارەی موسڵمان لەعێراقدا □□□,□□□,6 کەس بووە، واتە بەرێژەی 95,75٪، ئەوەی تر مەسیحیو یەزیدیو صائبە و مەزهەبو ئایینەکانی تر بوون، بڕوانە: محمود الدّرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية، منشورات دار الطليعة، بيروت، 1966، ص223–225.

1. ليث عبدالحسن الزبيدي وای دابەش کردووە:

1- دەرەبەگ 2- بۆرژوا (گەورەو بچووکئ) 3- چینی زەحمەتێکش (کرێکارو جووتیارو سەربازو ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانو رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان)، بڕوانە: ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة 14 تموز في العراق، ص 32–39.

داهاتێکی زۆری گەنمو جۆ لەلیوایەکی کوردستان بەرهەم دەهێنرا، بێ ئەوەی چینی زەحمەتێکیش سوودی لێ ببینن. ئەم خشتەیە بەرووبوومی هاوینەی ناوچە کوردییەکان پێشان دەدات لەساڵی 1953دا[1] :

| لیوا | گەنم بەتەن | جۆ بەتەن |
| --- | --- | --- |
| سلێمانی | 7000 | 7000 |
| هەولێر | 104000 | 61000 |
| کەرکوک | 109000 | 156000 |
| مووسڵ | 272000 | 178000 |
| هەموو عێراق | 4790000 | 1111000 |

ئەم بارودۆخەی جووتیارانی کورد لەلادێکاندا لەنێو شیعری کوردی لەجوانترین شێوەدا ڕەنگی داوەتەوە[2]. یان چەندین چیرۆکنووس زەبرو

1. دکتۆر شاکر خەسباک، کوردو مەسەلەی کورد، وەرگێڕی لەعەرەبییەوە ئەمین موتابچی، لا49.

2. (گۆران)ی نەمر دەرهەق بەزەبری ئاغا بۆ جووتیاران لەوێنەیەکی شیعریی بەرزدا دەڵێ:

لەژێر تارای سوورمەچنا هەرە جوانی دێ
(کچی جووتیار) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ..
کۆشکی ئاغا گەچ کارییە، ئاوێنە بەندە
کەس نازانێ بەژمارە پەنجەرەی چەندە!

تا دەگاتە:

لەبەر دەرگای چاوی رەشا بلەرزێو بڵێ!
دەستی زۆردار سەد سەر ئەگا ناگاتە دڵێ!

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی گۆران، لا59.

یان دەڵێ:

تا هێزی بزووتن لەلەشما بەگوڕ بوو،
من کوڕ بووم بۆ تاغاو ئاغا باوکی کوڕ بوو!
لە(ماندوو نەبوون)ی سەرایشم واق وڕ بوو
عەماری لەبەری تەقەلام پڕ - پڕ بوو..

زەنگی ئاغاکانیان لەزەوی داگیرکردنو دەست درێژی کردن بۆ سەر کچو ژنی جووتیاران کردۆتە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان□ . لەم بارودۆخەدا هەمیشە جووتیاران لەخەباتدا بوونو چەندین رووبەڕوو بوونەوەی جیاجیا لەسەرانسەری عێراقدا لەنێوان ئاغاو جووتیاراندا روویداوە□ . تەنانەت دوای دوو ساڵ لەسەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمووزیش حاڵی جووتیاری کورد لەکوردستاندا بەتەواوی چارەسەر نەکرابوو، هەر دەرەبەگ خاوەن زەویو زار بوو□ . بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کەدوای شۆڕشی 14ی تەمموز هەندێ بڕیارو گۆڕانکاری ڕوویدا، بەڵام لەهەموو ناوچەکاندا وەکو یەک جێبەجێ

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە، لا 199

1. بۆ نموونەی ئەو چیرۆکانە بڕوانە:

کامەران موکری، سزا، رۆژنامەی ژین، ژ 1103، س27 (19،12)ی حوزەیرانی 1952.

جەمال نەبەز، لالۆ کەریم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1956.

کاوس قەفتان، خاڵە حەمە، کێ رۆژی نوێ، ژ 7، س1، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 1960، لا101.

مەحموود ئەحمەد، جوان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1960.

حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، چ 2 چاپخانەی علاء، بەغدا، 1985 لا80-94.

2. یاخی بوونی جووتیارانی عەشیرەتی ال زیرج لەساڵی 1946و سوێند خواردنو یاخی بوونی جووتیارانی دزەییاتی لەدەشتی هەولێر لە1953و جووتیارانی وارماو (هەڵەبجەو سلێمانی)و جووتیارانی هۆرین شێخان لەلیوای دیالە لەهەمان ساڵدا نموونەی ئەو رووبەڕوو بوونە وانەیە. بڕوانە: ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة14 تموز 1958 في العراق، ص26.

3. بەپێی ئەو یادداشتەی، کەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە(20)ی تەمووزی ساڵی 1961 بۆ عبدالكريم قاسم بەرزی کردۆتەوەو لە(13) خاڵ پێکهاتووەو لەهەموویاندا تەئکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کەناوچە کوردەوارییەکان لەخزمەتگوزاریو ئاوەدان کردنەوە بێ بەشن، یەکێ لەو خاڵانە دەربارەی چاکێ کردنی زەویو کشتوکاڵو چاندنی تووتنە. بۆ خاڵەکانی ئەو یادداشتە بڕوانە: جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية ص288–296.

د. جورج حجار، المسألة الكردية نحو اخوة عربية كردية، ص24–25.

ادمون غريب، الحركة القومية الكردية، ص38.

نەدەكران، لەناوچە کوردییەکاندا کۆسپ دەکەوتە بەردەم لێژنەکان، چاک کردنی کشتوکاڵ لەماددەی (14)ی دەستووری کاتی داهاتووە بەوەی، کە(موڵکایەتی زەویوزار دەبێ بەپێی یاسا ڕێک بخرێ، و پاشان یاسای ژمارە (30) لە(30)ی ئەیلوولی 1958دا دەرچوو، کەبەپێی ئەو یاسایە نابێ کەس لە2000 دۆنم هەبێ لەزەوی دیمەکاری[1]. ئەمەش لێدانێکی بەهێز بوو بۆ دەستەڵاتی دەرەبەگەکان.

ئەگەر حاڵی جووتیاران وەها بووبێ، حاڵی کرێکارانیش لەکۆمپانیاکانی نەوتو هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرو بەندەرەکانو پۆستەو گواستنەوەو دەزگاکانی تری حکومەتو کارگەی بۆرژواکان کاریان دەکرد لەحاڵی جووتیاران باشتر نەبوو، زۆربەشیان هەر ئەو جووتیارانە بوون، کەلەگوندەکانەوە لەزەبری ئاغا رزگارییان ببوو و بۆ بژێویو نان پەیدا کردن ڕوویان لەشارەکان کردبوو و لەلایەن خاوەن کارگەو دەزگاکانەوە بەرهەمو رەنجی شانیان بەنرخێکی سووکێو هەرزان حسێب دەکراو لەبەرژەوەندی چەند کەسێک دابوو. بەهۆی نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاری تەندروستیو خانووبەرە کرێکاران لەگوزەرانێکی تاڵدا دەژیان. بۆیە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیو لەگەڵ هەموو جووڵانەوە شۆڕشگێڕیو خۆپیشاندانەکانی دژ بەرژێمی پاشایەتیدا بەشدارییان دەکرد. زۆرجاریش یاخی بوونو ڕاپەڕینی کرێکاران لەسنووری نەتەوەیی دەردەچوو. ڕاپەڕینی کرێکارانی گاورباغی نموونەیەکی زیندووە لەدەربڕینی ڕقی کرێکاری کوردو عەرەبو ئاسووریو تورکمان بەیەکەوە

1. بڕوانە: ليث عبدحسن الزبيدي، ثورە 14 تموز 1958 في العراق، ص303

لەبەرامبەر هەژاریو نەداریو مۆنۆپۆلەکانی نەوت□. ئەم بارودۆخەی کرێکارانیش لەئەدەبی کوردیدا بۆتە تابلۆیەکی نەمر□.

لەدوای شۆڕشی 14ی تەمووزو ساڵانی حوکمی (قاسم)یشدا کرێکار لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لەپایتەختو لەشارەکانی تردا وەکو دابەش کردنی زەویو خانوو بۆ کرێکارانو سووکئ کردنی باری ژیانیان لەرێگەی کردنەوەی نەخۆشخانەو پرۆژەی ئابووریو دانانی هەندێ کارگە، بەڵام (لەکوردستاندا، بێ کاری بەرێژەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆوە□.

## چینی دەرەبەگ و بۆرژوا

چینی دووەم لەپێکهاتنی چینایەتی کۆمەڵگای عێراق دەرەبەگو بۆرژواکان بوون، بۆرژوای بچووکو گەورە، کەکەمینەیان پێکئ دەهێنا. ئەم چینە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەمیشە لەدژی

---

2. بۆ زانیاری دەربارەی راپەڕینی گاورباخی، بڕوانە: الدکتور کمال مظهر احمد، صفحات من تاریخ العراق المعاصر، ص134. هەروەها: خالد محسن محمود الراوي، تاريخ الحركة العمالية في القطر العراقي 1968–1975، رسالة ماجستير، ص54.

1. شەهید مارف بەرزنجی لەهۆنراوەیەکدا وێنەی ژیانی ساڵانی (1954-1955)مان بۆ دەکێشێت:

ئەپرسن لێم ئەحواڵی ژین
چ ژانێکە بۆ ئێمە ژین
هەژاریو بێداریو رزین
بەندو مەستو بێ فرمان
بێ نان بەرگو بێ دەرمان
قەرزار، داماو، سەرگەردان
پاشا خۆش بێو شەریکەی نەوت
عالەم نابێ یا ئەبێ فەوت
قۆنتەراتی زۆرمان دەس کەوت

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوەو رێکخستنی سامان مارف بەرزنجیو عومەر مەعروف بەرزنجی، لا 75-77.

2. جلال الطالباني،كردستان والحركة القومية الكردية، ص 288–296.

بەرەی میللەتدا بوون پشتگیریيان لەکاربەدەستانو حکومەتی پاشایەتی دەکرد، تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەینە باری سیاسی ئەو رۆژگـــارە زۆربـــەی ئاغاو بەگە نەخوێندەوارو سەرۆکێ هۆزەکان لەئەنجوومەنەکاندا دەبوونە نوێنەرو دەرەبەگێ کەخاوەن زەویو زار بوون، لەکاتێکدا جووتیار خاوەنی بستێ زەوی خۆی نەبوو، دەوڵەتییش لەپشت ئەوەوە بوو، کەزەویوزار بەدەست ئاغاکانەوە بێت. بەشی دووەمیشیان کەبۆرژواکانی دەگرتەوە رێگەی بازرگانیو کڕینی زەویو زارو گران کردنی داهات سەرچاوەی ژیانی خەڵکێ قازانجێکی زۆریان لەخەڵکێو دەزگاکانی دەوڵەت دەست دەکەوت. فەرمانبەرو ئەفسەرانی سووپایش، خۆیان لەخانەی ووردە بۆرژوادا دەدۆزیيەوە، لەژێر باری قوورسی ژیاندا دەیانناڵاندو فەسادیکی ئیداریو پابەند نەبوو بەیاساو فرمانەکانی دەوڵەتو بڵاوبوونەوەی بەرتیل بەئاشکرا بڵاوببۆوە. ئەم گوزەرانە تاڵە وای لێکردبوون خۆیان لەویستو ئارەزوو و خەباتی چینی زەحمەتێکشانی میللەت جیا نەکەنەوەو بەشداری هەموو بزتوونەوەیەکێ بکەن، سەبارەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتیو قاتو قڕیو گرانیو زۆری باج رۆژنامەو گۆڤارە کوردیيەکان لەکوردستانی عێراقدا ئاوێنەیەکی روونی ئەو رۆژگارەن.

رۆژنامەی هەولێر نووسیوویەتی:(وەزارەتی نوێ باجی هەندێ شتی لەسەر سەوزەواتو بەری دار هەڵگرت، بەمە هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ ئاشت کردنەوەی دڵی دانیشتوانی خاکی عێراق. خۆزگە وەزارەتی بەرێز بەتەواوی باجی (استهلاکێ)ی لەسەر خەڵکێ هەڵگرتایە. تا ئەمەندە دەست پیسی لەسامانی حکومەتی نەکرایە، وە ئەوەندەش دڵی لادییو خەڵکی باژێڕ

لەلایەن فەرمانبەرانی استهلاکەوە نەشکێنرایە) □ پاشان بەردەوام دەبێ:(نەوێرین بڵێین باجەکانی حکومەت، هۆیەکن لەهۆیە بەهێزەکانی □ پاش کەوتنمان...

رۆژنامەی (ژین) چەندین وتاری جۆراوجۆری لەم رووەوە بڵاوکردۆتەوە، کەتیایدا باری دواکەوتوویی خەڵکی کوردستان پێشان دەداتو پشت گوێ خستنی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە. لەوتارێکدا دەقی وتاری (رئیسی بلدیەی سلێمانی فائق هوشیار کەرۆژی 1955/11/4. لەکۆبوونەوەی □ باخی گشتیا بەعەرەبی بۆ خاوەن شکۆ مەلیکی مەزنی خوێندەوە) بڵاوکراوەتەوە، کەتیایدا سەرۆکی شارەوانی باری ناهەمواری خەڵکەکە دەردەبڕێو داوای کردنەوەی کارگە دەکات لەسلێمانیو داوای پێشکەوتنی شارەوانیو مشورخواردن لەحاڵی دواکەوتوویی کۆمەڵ دەکات. لێرەوە دەتوانین پەی بەنەبوونی پلانی ئابووری بەرنامە بۆ دارێژراو بکەین، لەهەمان کاتدا دەوڵەت لەهەوڵی ئەوەدابوو کەکشتوکاڵ بکاتە بنچینەی گەشەکردنی ئابووری، کەچی دەیویست پەیوەندی بەرهەم هێنان نەگۆڕێو دەرەبەگەکان سەروەربن، چونکە بەچاک کردنی باری گوزەرانی جووتیاران بەرژەوەندی لەگەڵ چینی دەرەبەکێو بۆرژوا بخاتە بەردەم هەموو پرۆژەیەکی پیشەسازی قوورسو چینی کرێکاریش بەلاوازی بمێنێتەوەو هۆشمەندی چینایەتی‌یان کزبێت.

1. ن. ل، بیری سەربەست، رۆژنامەی هەولێر، ژ104، س3، سێ شەممە27ی کانوونی دووەمی 1953، لا2.

1. سەرچاوەی پێشوو، لا2.

رۆژنامەی ژین، ژ 1273، س30، پێنج شەممە 1955/11/17، لا3. .2

## باری رۆشنبیری

ئەگەر بمانەوێ لەباری رۆشنبیریی ئەو رۆژگارە تێ بگەین، بەپێویستی دەزانین لەدوو روانگەو دوو بنیاتی سەرەکی رۆشنبیرییەوە روونی بکەینەوە، ئەوانیش:

1– **قوتابخانەکان.**

2– **رۆژنامەو گۆڤارەکان.**

تێڕوانینێکی خێرا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەمێژووی کردنەوەی قوتابخانە لەشارەکانی کوردستانی خوارەوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە. پێشتر لەسەدەکانی رابردوودا مەڵبەندی خوێندن حوجرەو مزگەوتەکان بوو، ژمارەیەکێ مەلاو زانای کورد دەرسیان تێدا دەوتەوە، ئەو زانستو زانیارییە ئایینییانەشی کەلەوێ دەخوێندرا، هەتاوەکو ئەدەبیاتیش بەزمانی عەرەبیو فارسی بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کزی هەستی نەتەوەیی، تەنانەت لەسەردەمی میرنشینە کوردیەکانیشدا ئەوەندە بەتەنگێ خوێندنو زمانی کوردییەوە نەبوون. نامەنووسینو کاروباری خەڵکێ بەزمانی فارسی بووە[1]. زمانی کوردی زمانی شیعر بووە، ئەویش بەچاوێکی سووکێ سەیر کراوە، بۆیە (نالی) هاواری لێ هەڵساوە:

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کــردییە**

**هەرکەسیعادان نەبیخۆی تاڵیبی مەعنا دەکــــا**[2]

1. نامەکانی (مەولەوی) شاعیر، کەبۆ شێخەکانی ناردووە، هەمووی بەزمانی فارسی بووە، بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، شارۆیەکێ لەباخچەی ئەدەبی مەولەوی، کێ کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، لا253.

2. دوکتۆر مارف خەزنەدار، دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی، لا53.

قوتابخانه خاکی وەرچەرخانێکی گەورەیە لەژیانی خوێندەواریو روناکبیری هەموو میللەتێکدا، (لەساڵی 1905ی زایینیدا پیاو ماقوڵانی کورد وە کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی جارێکی تر بەهەوڵو کۆشیی خۆیان توانیان قوتابخانەیەکی ئەعدادی موڵکی لەسلێمانی دامەزرێنن، شایانی باسە، ئەم قوتابخانەیە لەروشدیەی عەسکەری باڵاترو گرنگتر بوو.

لەساڵی 1912یشدا ساختمانی قوتابخانە لەکۆیە تەواو بووەو دەرزی تێدا دەخوێندرا)[1]. پاشان لەسەردەمی شێخ محموودی نەمردا ژمارەی خوێندنگاکان زیادی کردو (لەدوو خوێندنگای شڕو پڕی سەردەمی ئینگلیزەکانەوە، خوێندنگاکان لەسەردەمی شێخ مەحموددا بوون بەچوار خوێندنگای رێکو پێکو پۆشتەو پەرداخو شۆخو شەنگ)[2]، هەر لەسەردەمی شێخی نەمردا: (بۆ یەکەمجار لەسلێمانی قوتابخانەی (زەهرا)یش بۆ کچان لە1926دا کرایەوە)[3].

هەر لەسەرەتای دروست بوونی حکومەتی عێراقەوە، بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لەولایەتی موسڵ حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا، تەنانەت بەبڕیاری (عصبة الامم) لەساڵی 1925دا زمانی کوردی لەناوچە کوردەواریەکاندا بووە زمانی خوێندنو ئیداراتی حکومەتو (هەوڵی ئەوەش درا لەناوچە کوردیەکاندا فەرمانبەرەکان کورد بن)[4] ئەم بڕیارە حکومەتی عێراقی ناچار

1. هیمدادی حوسێن، بزووتنەوەی ڕوناکبیریی کورد لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمو خوێندنو نوسینی کوردی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ 414، س1، چوارشەممە 16/6/1993.

2. شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، کێ ڕۆشنبیری نوێ، ژ103-104، ل158.

3. د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل262.

4. د. حامد محمود عيسى علي، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى 1991، ص103. هەروەها: محمود الدّرة، القضية الكردية، ص235.

كرد بەپێی بڕیاری ژمارە (74)ی ساڵی 1931 پەیڕەوی بکاتو هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە بنێت. روناکبیرێکی ئەو سەردەمە (ساطع الحصري)، کەمدیری مەعاریفی ئەو کاتە بوو دەڵێ:(کەحکومەتی عێراقی بڕیاریدا زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی لەشارو گوندە کوردیەکاندا، لەسەر وەزارەتی مەعاریف بوو ئەو شتانە جێبەجێ بکات، کەبۆ ئەم مەبەستە دەبووایە بکرایە، ئەڵبەتە باشترین ریگەش بۆ ئەوە، ئەوەبوو، کتێبە مەنهەجیەکانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان تەرجەمەکەی کوردی بکرێن.. بۆیە وەزارەت لیژنەیەکی پێکـ هێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاری وەرگێڕان بکەن، لەچوار روناکبیرەکانیکورد پێکـ هاتبوون، کەلەبەغدایێ فەرمانبەر بوون، ئەوانیش: تۆفیق وەهبیو عەبدول رەحمان ساڵحو شوکری فەزلیو نوری بەرزنجی بوون)[1].

ساڵانی دواتر، کەووردە وردە قوتابخانەکان لەلادێکان کرانەوە، ئەمجار مامۆستاکان تووشی ململانێیەکی توند بوون لەگەڵ پیاوانی ئایینیو ئاغاکانو ریگەی ئەوەیان نەدەدا خەڵکەکە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، بێ گومان خوێندنو خوێندەواریو هۆشمەندیو وریابوونەوەی چینی زەحمەتێکش لەبەرژەوەندی ئەوان دا نەبوو..

ساڵانی رژێمی پاشایەتی، حکومەت بەعەقڵیەتێکی پۆلیسییەوە مامەڵەی لەگەڵ باری رۆشنبیریدا دەکرد، خۆیان سەر پشکـ بوون لەوەرگرتنی قوتابیان لەقوتابخانەو کۆلیجەکاندا. هەروەها لەبەڕیوەبەرایەتی

1. منذر الموصلي، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص318.

ڕێنماییو بانگەشەی گشتی سانسۆری بەهێزیان خستبووە سەر ئەو کتێبانەی لەمیسرو سوریاو لوبنانەوە دەهاتنو چاوەدێرییان خستبووە سەر ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکانو هاووڵاتی عێراقییان لەهەموو ئەو ڕێبازە ئەدەبیو فیکرییانە بێبەش کردبوو، کەلەوڵاتانی عەرەبی ڕوویان دەدا. دەرگای سینەماکان بۆ فلیمی ناچیزو تاوانکاریو هاندانی ڕۆحی جەنگو پەرەپێدانی ڕەگەزپەرستی کرابووەوەو هەموو فلیمێکی چاک، کەباسی دڵسۆزیو برایەتی گەلان بکات قەدەغە کرابوو. نەخوێندەواری بەڕێژەیەکی زۆر بڵاوبۆوە تەنانەت لەزۆر لادێ دا تەنها مەلا خوێندەوار بوو و ئەو بابەتانەیشی، کەلەقوتابخانەکاندا دەخوێندرا، مێژووی پاشاو خەلیفەو ئیستعمار بوو و ئەم دوو خشتەیە ڕێژەی خوێندەوارییو ژمارەی قوتابخانەکان لەساڵی 1954 لەلیوا کوردییەکاندا پێشان دەدات[1] :

| لیـــوا | قوتابخانە سەرەتاییەکان | | | | قوتابخانە ناوەندیو ئامادەییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوران | کچان | ساوا | هەمووی | کوڕان | کچان | هەمووی |
| سلێمانی | 57 | 9 | 1 | 67 | 3 | 1 | 4 |
| هەولێر | 59 | 8 | 1 | 68 | 3 | 1 | 4 |
| کەرکوک | 71 | 13 | 11 | 95 | 6 | 2 | 8 |
| موسڵ | 154 | 29 | 16 | 199 | 9 | 4 | 13 |
| هەمووی لەعێراقدا | 1094 | 256 | 101 | 1451 | 92 | 42 | 134 |

1. د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص64.

| ژمارەی دانیشتووان | | ژمارەی خوێندەوار | | لیوا |
|---|---|---|---|---|
| 226400 | 10304 | 1219 | 9085 | سلێمانی |
| 239776 | 9410 | 1009 | 4801 | هەولێر |
| 286005 | 20534 | 2392 | 217142 | کەرکوک |
| 595190 | 48826 | 12802 | 36024 | موسڵ |
| 4816185 | 407576 | 48112 | 333464 | هەموو لەعێراقدا |

لەگەڵ کەمی ژمارەی قوتابخانە لەگوندەکاندا، چۆنیەتی دابەش بوونی قوتابخانەکانیش بەرێژەیەکی یەکسان نەبوو و زۆربەیان کەوتبوونە ناحیەو قەزاکانەوە، یان لەگوندێکی لاچەپ دابوو و منداڵی گوندەکانی دیکە زۆر بەزەحمەت دەیان توانی هاتوچۆ بکەن. ئەمە بەتایبەتی لەگوندەکانی کوردستاندا هەستی پێ دەکرا، بەهۆی باری جوگرافی کوردستان، کەشاخاوی هەڵکەوتووەو لەزستاندا بەفری زۆر کێشەکەی قورستر دەکرد. د. شاکر خەسباک دەڵێ: (گیروگرفتێکی تر هەیە، کەتایبەتی‌یە بەناوچە کوردیەکەوە ئەویش گیروگرفتی زمانی خوێندنە. زمانی کوردی لەقوتابخانە سەرەتایی‌یەکاندا ئەخوێنرێ، بەڵام زمانی عەرەبی لەقوتابخانە ئامادەیی‌یەکاندا بەکار ئەهێنرێ بۆ وانە وتنەوە. بێ گومان ئەم گۆڕینە لەکوردیەوە بۆ عەرەبی زۆر گرانە بۆ کوردەکان. وە کوردەکان لەمافی خۆیان، کەبەزمانی نەتەوایەتی خۆیان بخوێنن)[1].

1. د. شاکر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص63–65، شایانی باسە ساڵانی 1961-1962، ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتە (236) قوتابخانە لەهەولێر، و (229) قوتابخانە لەسلێمانیو (232) قوتابخانە لەکەرکوکو (471) قوتابخانە لەموسڵ: بڕوانە: محمود الدره، القضية الكردية، ص238.

بنیاتی دووەمی رۆشنبیری رۆژنامەو گۆڤارەکانە. هەر لەیەکەمین رۆژنامەی کوردیەوە (کوردستان 1898-1902)، پاشان رۆژنامەو گۆڤارەکانی دی، بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا لەبیستەکانەوە هەمیشە پێشەنگ بوون لەخزمەت کردنی خەڵکی کوردستان بەهاندانیان بۆ خوێندەواریو وو ریا بوونەوەیان لەدەردە کۆمەڵایەتیەکانو هەژاریو نەخۆشیو ئاگاداری هەواڵی سیاسەتو ئەدەب. ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە رۆڵێکی بەرچاویان بینیووە لەرەخنە گرتن لەدامو دەزگا حکومیەکان، لەپاڵ ئەوەشدا ووشەی کوردی رەسەنو زمانو کەلتووری ئەو میللەتەیان پاراستووە. بۆیە ئەمرۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان بۆ میللەتی کوردو لێکۆڵینەوە لەمێژووی هاوچەرخی کوردی تۆمارێکی زیندوون. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی بێ دیراسەکردنی رۆژنامەو گۆڤارەکان کارێکی نەشیاوە، (بۆیە ناکرێ بەووردیو کارامەیی لەجووڵانەوەی ئەدەبی هاوچەرخو نوێمان بگەین، ئەگەر بەووردی لەرەوتی جووڵانەوەی رۆژنامەگەریمان نەگەین..)[1]، گۆڤارەکانی بەرایی وەکو (زاری کرمانجی)و (هاوار)و (روناکی)و (گەلاوێژ)و (روناهی)و (هیوا)و (شەفەق)و (رۆژنامەکانی وەکو (تێگەیشتنی راستی)و (ئومێدی ئیستیقلال)و (ژین) بوونە هۆی پێشخستنی پەخشانی کوردیو دەرکەوتنی چەندین ژانری ئەدەبیی تازە. ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەلایەن ئینگلیزەکانیشەوە بۆ مەبەستی سیاسەتی خۆیانو پرۆپاگەندەو بانگەشەی سیاسیەوە دەردەچوون، لەخزمەت کردنی رۆشنبیریی کوردیدا بوونو دەوری ووشیار کردنەوەو پاک کردنەوەی زمانی کوردی یان دەبینی لەگۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا چیرۆکنووسانی وەکو (دڵسۆز، حسین حزنی موکریانی، ئیحسان مستەفا..) دەرکەوتنو هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی زیاتر گەشەی کرد، لەرێگەی

[1] محمود زامدار، دەوری رۆژنامەگەریی کوردی لەژیانی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی گەلی کورد دا، کێ رۆشنبیری نوێ، ژ113، لا232.

(گەلاوێژ)و (هیوا)و (شەفەق)ەوە ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینانو گاڵتەو گەپو مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی بڵاوکرایەوەو شیعری شاعیرانی کۆنو نوێو رەخنەی ئەدەبیو نامەی ئەدەبیو ژیاننامەی کەڵە نووسەران بڵاوکرایەوە. ئەمە لەپاڵ ئەو باسانەی، کەپەیوەندی‌یان بەگۆڕانکاری‌یەکانی کۆمەڵو نەتەوەو دیموکراسیو بیری پێشکەوتنخوازی سۆسیالیستی‌یەوە هەیە...

رۆژنامەنووسیی کوردی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە □ ، لەهەموو قۆناغەکاندا دەربڕی خواستی گەل بووەو سەرچاوەی روناکبیری بووە، هەر بۆیەش گەورە پیاوان ئەوەندە گرنگی‌یان بەرۆژنامە داوەو لەدەمی رۆژنامەنووسان ترساون □ ، ئەگەر لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، (دەستەڵاتی چوارەم) □ بێت، ئەوا لەنێو کوردیشدا کەم بایەخ نەبووە، هەتاوەکو ئەمڕۆش جێگەی مەترسی دەستەڵاتدارانەو ژمارەیەک رۆژنامەنووسیشمان هەڵوێستی مەردانەیان نواندووە، رۆژنامەنووسی کوردی هەر چۆنێک بەسەر قۆناغەکاندا دابەش بکرێت، نکۆڵی لەوە ناکرێت، کەسەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمـــوز هێزو گوڕێکی تازەی بەرۆژنامەنووسیی کوردی بەخشیو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا بەسەربەستیەکی

---

1. بۆ دابەش کردنی قۆناغەکانی رۆژنامە نووسیی کوردی بڕوانە: عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1970. هەروەها: د. عزالدين مصطفى رسول، حول الصحافة الكردية، ص58. د. شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، لا197.

2. ناپلیۆن وتویەتی: (سێ رۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن) بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، لا 18.

1. دەستەڵاتی چوارەم (السلطة الرابعة) یان دەستەڵاتی رای گشتی (سلطة الرأي العام)یشیان پێ وتوە، کەیەکسەر لەدوای دەستەڵاتی (تشريعي وتنفيذي وقضائي) دێت. بۆ یەکەم جار لەساڵی 1828 ئەم زاراوەیە بۆ رۆژنامەو رۆژنامەنووسی بەکارهێنرا. بڕوانە: د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی، لا19. هەروەها: عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، لا5.

زیاترو زەمینەیەکی ئازاد تر لەکێشەو گرفتەکانی رۆشنبیریی کوردی بدوێنو لەهەمان کاتدا نووسەرانو ئەدیبانیش ئەوەی لەدڵیان پەنگی خواردبۆوەو مەینەتی‌یەکانی رۆژگاری پاشایەتی بەشێوەیەکی ئەدەبیی بەرز بخەنە شیعــرو وتارو چیرۆکو ژانرەکانی تری ئەدەبی، ئەمە بێجگە لەوەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو هەموو بوارەکانی دی بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هات، با ئەو گۆڕانانە لەچاو باری ناهەمواریی کۆمەڵگای عێراق کەمیش بێت، بەڵام کوردی‌یەکان زیادبوو، لەڕووی رۆژنامەنووسی‌یەوە ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە بەمەش بواری زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی رەخسا□ .

2. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمووز چەندین رۆژنامەو گۆڤار ریگەی بڵاوکردنەوەیان درا، لەوانە:(رۆژنامەی گەل-1959)، (رۆژنامەی ئازادی-1959)، (رۆژنامەی خەبات -1959)،(رۆژنامەی بڕوا-1960) (رۆژنامەی دەنگی کورد-1960)، (گۆڤاری رزگاری-1959)، (گۆڤاری بلێسە-1959)، (گۆڤاری نەورۆز-1959)، (گۆڤاری رۆژی نوێ- 1960)، (گۆڤاری روناهی- 1961)و گەلێکی تر، بڕوانە: جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، لا67-107.